ڕیچارد نیدلیبۆ

# ڕیالیزمی کلاسیکی

بەعەرەبی کردنی: دیما ئەلخەزڕا

بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مهاجیر

## پێناسی کتێب:

ناوی کتێب: ڕیالیزمی کلاسیکی

ناوی نووسەر: ڕیچارد نید لیبۆ

بە عەرەبی کردنی: دیما ئەلخەزرا

بە کوردی کردنی: زیبار عەزیزخان مهاجر

نەخشەسازی ناوەوە: زیبار عەزیزخان مهاجر

نەخشەسازی بەرگ: بەرەکات قورتاس

بڵاوکار: نووسینگەی کاروان

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠٢٢ز

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٠٥٨)ـی بۆ ساڵی (٢٠٢٠)ـی پێدراوە.



ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥

Karwancenter18@gmail.com

## ناوەڕۆك


پێشەکی وەرگێڕ ٦

پێشەکی نووسەر ١١

ڕووانگەی ڕیالیزمی کلاسیکی دەربارەی سیستەمی گشتی و سەقامگیری ٢١

ڕیالیزمی کلاسیکی و گۆڕان ٥١

ڕووانگەی ڕیالیزمی کلاسیکی دەربارەی سروشتی تیۆرەکە ٧٣

توێژینەوەی نموونەیەك ٨٣

دەرئەنجام ٩٦

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

### پێشەکی وەرگێڕ

زانستە مرۆییەکان لایەنێکی گرنگی و بنەڕەتیان گرتووە، لە نێو کایەی زانست دا بەگشتی، زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش کە پێشتر وەك بەشێك لە زانستی کۆمەڵناسی سەیری دەکرا. دوای ئەوەی تا ئاستێك تیۆرەکانی جێگیر بوون، ئەوە وەك زانستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

گرنگی ئەم زانستە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمڕۆ سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، جڵەوی هەموو کایەکانی دیکەی ژیان و گوزەرانیان بەدەستەوە گرتووە، بۆیە بۆ ئاشنابوون بە سیاسەت و بناغەی پەیوەندی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتر، پێویستمان بە شیکردنەویە تیۆرەکانە، هەر تیۆرێك جۆرێك خوێندنەوەی بۆ ئەو نموونانەکان هەیە، هەر یەکێکیشیان دەرئەنجامێکی جیاوازمان پێدەدات.

لەبەر ئەمە تیۆرەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە، لە شیکردنەوەی ڕووانگەی دەوڵەتان و ستراتیژەکانیان، تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی (واقیعگەرایی کۆن)، وەك کۆنترین جۆری ڕیالیزم، لە کۆنەوە جێی سەرنجی ئەوانە بووە، کە بایەخیان بە بواری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان داوە، ئەم تیۆرە ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، بناغەی تیۆرەکانی دیکە ڕیالیزمە کە دواتر لەسەر بناغەی ئەم تیۆرە داتاشراون، بەڵام لە گریمانەکانیان جیاوازیان هەیە.

لە دیدگای گرنگی ئەم تیۆرەوە، بایەخی لە شیکردنەوەی دۆسیە و نموونەکاندا، ئەوا بڕیارمدا ئەم کتێبە وەربگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی، کە لە یەك کاتدا بەراوردی دانە عەرەبی و ئینگلیزیەکەم کردووە، بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لە گواستنەوەی مەبەستی نووسەر بۆ خوێنەر. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کتێبێکی کۆکراوە، کە هەر بەشێك لەلایەن نووسەرێکەوە نووسراوە، هەر یەکە لە (تیم دان، میلیا کورکی و ستیڤ سمیس) لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان کردۆتەوە، لە ژێر ناونیشانی (تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تایبەتمەندی و جۆراوجۆریێتی)، ئەم کتێبە کە بەشێکە لە کتێبی ناوبراو، لەلایەن بیریاری ناودار (ڕیچارد نێد لیبۆ)وە نووسراوە.

بەهیوای ئەوەی توانیبێتم بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە خزمەتێك پێشکەش بە خوێنەران بکەم، بەتایبەت شەیدایانی بواری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کەلێنێکیش لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەمەوە.

لێرەدا دەمەوێت سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی بەڕێز (م. کاوار مەحمود) بکەم، کە ئەرکی کێشا بە پێداچوونەوەی ئەم کتێبە، هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەم کە یارمەتیانداوم لە تەواوکردنی ئەم بەرهەمە، ئەگەر بە وشەیەکیش بێ.

زیبار عەزیزخان مهاجر

سۆران

٢٠٢٠/٤/١٢

## ڕێبەری خوێنەر

ڕیالیزمی کلاسیکی (classical realism) گوزارشتە تێڕوانین و ڕێبازێك، سەبارەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە دەمانگێڕێتەوە بۆ مێژوونووسی یۆنانی ناودار (سوسیدیدس) لە سەردەی پێنجەمی پێش زایین، هەروەها تێڕوانینەکەی کە داینا لەبارەی جەنگی (پیلۆپۆنیزیا). ئەم تیۆرە داندەنێ بە ڕۆڵی ناوەندی کە هێز هەیەتی لە ساسەتدا، جا بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەڵام بەهەمان شێوە داندەنێ بەو لایەنانە کەموکورتانەی پەیوەستن بە هێزەوە، هەروەها ئەو کرچ و کاڵیانەی پەیوەستن بە ڕێبازەکانی هێزەوە، کە دەکرێت لە میانەیدا بەخۆی خۆی شەرمەزار بکات، ڕیالیزمی کلاسیکی جەخت دەکاتەوە لەسەر هەسیتاربوونی بەرامبەر بە کێشە ئەخلاقییەکان، ناوەرۆکە کردارییەکان و پێویستی ئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و قەناعەت پێهێنان بێ، لە هەر کوێیەك بێت کە بگونجێ جێبەجێ بکرێ. لە لاپەڕەکانی دواتردا، گریمانە سەرەکیەکانی ڕیالیزمی کلاسیکی دەتوێژینەوە، لە میانەی

نووسینەکانی نووسەرە کۆن و هاوچەرەکان، ڕا و بۆچوونەکانیان بە ڕیالیزمی نویٚ و چەند شیٚوەیەك لە ڕیالیزمی تازە بەراورد دەکەین، شیکاری بۆ دەستیٚوەردانی ئینگلیز – ئەمریکی لە عیٚڕاق دەکەین، لە ڕووانگەی ڕیالیزمی کلاسیکیەوە.

## پێشەکی نووسەر

لێرەدا دانپێدانانێك هەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە سیستەمی هزری ڕیالیزم، لە تیڕوانینی ڕیالیزمی نوێدا (کە بە ڕیالیزمی بونیادیش ناودەنرێ. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە گفتوگۆی پەیوەست بە ڕیالیزمی بونیادی، بڕوانە بەشی چوارەم( ) گەیشتووەتە لێواری مەرگێ، کینس والتز کە بە باوکی ڕیالیزمی نوێ دادەنرێ، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ گۆڕینی ڕیالیزم بۆ تیۆرێکی کرداری زانستی، هەڵسا بە داماڵینی ڕیالیزم لە ئاڵۆزی و ناڕوونیەکانی، ڕەچاوکردنی بۆ ڕۆڵگێڕەکان، تێگەیشتنی

---

(١) ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کتێبێکی کۆکراوە، کە هەر بەشێکی لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە، ئینجا (تیم دان، میلیا کورکی و ستیڤ سمیس) لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان کردۆتەوە، لە ژێر ناونیشانی تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تایبەتمەندی و جۆراوجۆریێتی ( International Relations Theories, Discipline and Diversity)، کە لە پێشەکییەك و شازدە بەش پێکهاتووە، لە هەر بەشێکدا شرۆڤەی تیۆرێکی کردووە. منیش ئەو بەشانەی کە پێم وابوون جێگای بایەخن لە دوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا وەرمگێڕاون (وەرگێڕی کوردی).

لوەی هێز بە ئاسانی دەگۆڕێ بۆ کاریگەری، کاتێك هێزەکە دەمامکدار دەکرێت و دەشاردرێتەوە، لە چوارچێوەی سیستەمێك لە پێوەردا، کە بەشێوەیەکی گشتی قبوڵکراو بێ. کەواتە دەکرێت ڕیالیزمی نوێ ببینی وەك گێڕانەوەیەکی ئەدەبی گاڵتەجارانە بۆ زانست، چەمکەکانی ڕیالیزمی نوێ وەك هێز (power) و جەمسەربەندی (polarity) بەشێوەیەکی بریقەدار داڕێژراون، کە وردەکاری تێدا نییە، مەرجەکانی بازنەی ئەو شتانەی دەگرێتەوە بەجێهێڵدراوە، بەبێت ئەوەی بزانرێت کە چییە. هەروەها ڕیالیزمی نوێ پشت دەبەستێت بە کردارێك، کە بە هەڵبژاردنی سروشتی دەچێ، لە پێناو پێکهێنانی ڕەفتاری یەکەکان لە جیهانێکدا، کە ستراتیژە سەرکەوتووەکان ناگەڕێنرێنەوە بۆ سەرکردە یەك لە دوای یەکەکان، زۆر بەدەگمەن ئەو یەکانەی کەمتر سەرکەوتوو بوون لە بێژینگ دەدرێن، زیاتر بە ئایدیۆلۆژیایەك دەچێ، کە شیاوی پوچەڵکردنەوە نییە، لەوەی بە تیۆرێکی زانستی بچێت.

وەك زۆربەی ئایدیۆلۆژیاکان (ئاینەکان)، ئەوە ڕیالیزمی کلاسیکییش شیاوی پوچەڵکردنەوە نییە، هەڵکشان و داکشانی، پەیوەندییەکی زۆری نەبوو بە پێشکەوتنی زاراوەیی و بەرهەست. بەڵکو سەرنجڕاکێشیەکەی لە هەڵهێنجاندنە ڕوونەکەیدایە لە

پێشکەشکردنی شیکردنەوە و ڕاڤە، وێکچوونە ڕووکەشییەکەی لەگەڵ زانست. کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، داکشان خلۆربوونەوەی ئەم تیۆریەی خێرا کرد، ئەمەش بەلای زۆر کەسەوە پرسێکی تاقیکاری یەکلاکەرەوە بوو بۆ تیۆرێك، کە بە پلەی یەکەم هەوڵیدا بۆ شیکردنەوەی سەقامگیری جیهانی دوو جەمسەری. کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و داڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت، بوونە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی توێژەرە ئەکادیمیەکان و ڕای گشتی، بەرەو شەبەنگێکی نوێ لە کێشە سیاسیەکان، کە ڕیالیزمی تازە پەیوەندی پێیەوە نەبوو. (بۆ ئەوەی ڕایەکی جیاوازت دەستبکەوێ، سەبارەت بە تایبەتمەندیە جیاوازەکانی ڕیالیزمی تازە، یان ڕیالیزمی بونیادی، بڕوانە بەشی چوارەم، کە جۆن میرشایمێر نوسیویەتی( )).

---

(١) ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کتێبێکی کۆکراوە، کە هەر بەشێکی لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە، ئینجا (تیم دان، میلیا کورکی و ستیڤ سمیس) لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان کردۆتەوە، لە ژێر ناونیشانی تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تایبەتمەندی و جۆراوجۆرێتی (International Relations Theories, Discipline and Diversity)، کە لە پێشەکییەك و شازدە بەش پێکهاتووە، لە هەر بەشێکدا شرۆڤەی تیۆرێکی کردووە. منیش ئەو بەشانەی کە پێم وابوون جێگای بایەخن لە دوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا وەرمگێڕاون.

داکشانی ڕیالیزمی تازە، هانی زۆرێك لە ڕیالیستەکانی دا، بۆ گەڕانەوە بۆ بنج و بنەوان و ڕەگ و ڕیشەیان. لە میانەی ئەمەدا، بڕیاریاندا بایەخێکی سەرلەنوێ بدەن بە کار و بەرهەمی ڕیالیستە مەزنەکان، لە هەر دوو سەدەی نۆزدە و بیستەم، لە نموونەی ماکس ڤیبەر و ئیدوارد کار و هانس مۆرکانسۆ، لە گەڕان و توێژینەوەیان سەبارەت بە چەمك و ڕووانگەی پەیوەندیدار بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکانەوە. هەر یەکە لە ڤیبەر و مۆرگانسۆ بەشێوەیەکی قوڵ دانیان ناوە بە یۆنانیەکان – نووسەرەکانی شانۆ و مێژوونووس سوسیدیدس – بەوەی یۆنانیەکان خاوەنی سیستەمی هزری هەرە فراوانن دەربارەی ڕیالیزمی کلاسیکی.

ڕیالیزمی کلاسیکی یەکەیەکی بنەڕەتی دەرخست، لە هزر و بیردا لە ماوەیەکی کاتیدا، کە نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ دەبوو. نووسینەکانی پشتیوانە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە – سوسیدیدس، نیکۆلۆ میکافیلی، کارڵ فون کلاوزفیتز و هانس مۆرگانسۆ – بایەخ دەدەن بە پرسەکانی پەیوەست بە سیستەمی جیهانی، دادگەری، گۆڕان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی، نێودەوڵەتی. ڕیالیستە کلاسیکییەکان تێگەیشتنی گشتگیریان هەیە، لەبارەی سیاسەت کە جەخت لەسەر وێکچووەکان، نەوەك لەسەر جیاوازیەکان، لە نێوان سیاسەتی

ناوخۆیی و سیاسەتی نێودەوڵەتی، جەخت لەسەر ڕۆڵی ئەخلاق و کۆمەڵگە دەکەنەوە، لە بەهێزکردنی سەقامگیری لە هەر دوو بواری ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا. هاوئاهەنگ لەگەڵ ئاراستەی تراژیدی ئەواندا، ڕیالیستە کلاسیکییەکان داندەنێن بەوەی، کە ڕایەڵ و بەستەرەکانی کۆمەڵگا لاواز و لەرزۆکن، ڕووخاندنیان ئاسانە، ئەمەش لە میانەی هەوڵدانی بێت کۆت و بەند، بۆ دەستخستنی تایبەتمەندی تاك جەمسەری لەلایەن تاك و کۆمەڵ و دەوڵەتەکانەوە. کاتێك ئەمە ڕوودەدات، لەوانەیە ئەو ئامرازە کۆنانە شکست بهێنن کە بایەخ بە بەڕێوەبردنی ململانێکان دەدەن، وەك هاوپەیمانێتیەکان (alliance) و هاوسەنگی هێز (balance of power)، لە پاراستنی دۆخی ئاشتی، نەك تەنها ئەمە، بەڵکو لەوانەیە بەهەمان شێوە سەربکێشێ بۆ زیادبوونی ئەگەری ڕ،ودانی توندوتیژی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. ڕیالیستە کلاسیکییەکان وەك تراژیدیە یۆنانیەکان، لایەنگیری ئەوەن کە پێیان وایە مێژوو لە خولی پێشبینی کراودا دەڕوات،بەو مانایەی ئەو هەوڵەی دەدرێ لە جێگیرکردنی سیستەم و هەڵاتن لەو جیهانانەی کە لە ژێر ترسدان، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کاتی سەربکەوێ، کە کەم بایەخ نییە، لە کۆتاییدا دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەریانەی، کە سەقامگیری تێکدەدەن، کە لەلایەن ئەکتەر و

ڕۆڵگێڕەکانەوە دێن، ئەو ئەکتەرانەی کە باوەڕیان وایە ئەوان لەوە بەهێزترن، کە بە یاسا و نەریت کۆت و بەند بکرێن.

ئەم کتێبە بیری دوو لە گرنگترین نووسەرانی ڕیالیزمی کلاسیکی لەبارەی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان دەخاتەڕوو، ئەوانیش: سوسیدیدس (نزیکەی ٤٦٠ – ٣٩٠ پێش زایین ژیاوە)، سەرکردەیەکی سەربازی ئەسینایی بوو، لە سەدەی پێنجەمدا ژیاوە، نووسەریش بوو و وەسفێکی لەبارەی جەنگی (پیلۆپۆنیزیا) پێشکەش کردووە، کە لە نێوان ئەسینا و ئەسپارتە و هاوپەیمانی هەر دوو لایان ڕوویدا، ئەوەی دیکە هانس مۆرگانسۆیە (١٩٠٤ – ١٩٧٩)، کە پارێزەرێکی لە دایکبووی ئەڵمانیە، وەك پەنابەر لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی هاتۆتە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ چەندین ساڵ وانەی لە زانکۆی شیکاگۆ وتوەتەوە، بە کاریگەرترین بیریاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دانراوە، لە ماوەی دوای جەنگی دووەم جیهانی[1]. وێکچوونی زۆر لە نووسینەکانیاندا دەخەمەڕوو، بەلایەنی

---

(١) بۆ زانینی پوختەیەك سەبارەت بە ژیانی کەسی هانس مۆرگانسۆ، بڕوانە: Richard N. Lebow, The Tragic Vision of Plitics: Interesta and Orders (Cambridge, MA: Cambridge University Press, 2003).

کەمەوە ئەو وێکچوونانەی دەچنە نێو چوارچێوەی ڕووانگەی تراژیدی بۆ ژیان و سیاسەت، کە هەر دووکیان لەمەدا هاوبەشن.

ئەم بەشە تاوتوێی ڕامانەکانی ڕیالیزمی کلاسیکی لەبارەی کۆمەڵگە دەکات. سوسیدیدس و مۆرگانسۆ پێیان وایە، دەکرێت بەشێوەیەکی هەندەکی و لاوەکی کێشە و ناکۆکیەکان لە نێوان تاك و کۆمەڵگەکان چارەسەر بکرێن، لەسەر ئاستێکی قوڵتر لە تێگەیشتن، ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ناوخۆیی، کە بەشێوەیەکی باش کار دەکات، بە شتێکی بنەڕەتی دادەنرێ لە پێکهێنانی بەرژەوەندییەکانی تاك و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەشێوەیەکی ژیرانە. بەهەمان شێوەی بنەماکانی دادگەری، کە هەموو ئەو کۆمەڵگیانە پشتی پێدەبەستن کە گونجاون بۆ ژیان و گەشە، بوارێکە لەبەردەم گۆڕینی هێز بۆ کاریگەری. ئەندامێتی لە کۆمەڵگەیەك چەند کۆت و بەندێك دادەنێتە سەر ئامانج و ئامرازەکانی هێز. ملکەچ نەکردنی ئامانجەکانی داخوازییەکانی دادگەری، سەردەکێشێ بۆ سیاسەتی فراوانخواز زیاد لە پێویست، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ ئەنجامی پێچەوانە. ڕیالیستە کلاسیکییەکان وا تێدەگەن، کە زلهێزەکان زۆربەی کات خراپترین دوژمنی خۆیان دەبن، چونکە سەرکەوتن و بەخۆسەرسامبوون، کە لە سەرکەوتنەوە پەیدادەبن، هانی لایەنە ڕۆڵگێڕ و بکەرەکان دەدەن،

که خۆیان له دەرەوە و بەرزتر له کۆمەڵگەکەیان ببینن، ئەمەش له خودی خۆیدا سەردەکێشێ بۆ ئەوەی که کوێر بێت له ئاست دان بەخۆداگرتن.

سەبارەت به بەشی دووەم، ئەوە وەرچەرخان و گۆڕان دەخاتەڕوو. ڕیالیسته کلاسیکییەکان بیر له سیستەمه سیاسییەکان دەکەنەوە، له لایەنی ڕێبیر و بنەماکانی پەیوەست به سیستەمەوە، هەروەها لەلایەنی ئەو ڕێگایانەی له میانەیدا هاریکاری دەکرێت، له پێکهێنانی شوناسی لایەنه ڕۆڵگێڕ و بکەرەکان، هەروەها ئەو گوتارانەی بەکاریدەهێنن له دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانیان. سوسیدیدس و مۆرگانسۆ بۆچوونیان وایه، گۆڕان له شوناس و گوتارەکان، زۆر کات له دەرئەنجامی نوێگەری و نوێسازیەوە دێن، جەنگی هەژموونی (hegemonic war) زۆربەی کات ئەنجامه، زیاتر لەوەی هۆکار بێت بۆ ئەم جۆره له وەرچەرخانه. ئەم جۆره تێگەیشتنه لەبارەی هۆ و ئەنجام، چەندین واتا و ناوەڕۆکی گرنگ هەن، پەیوەستن به جۆری ستراتیژەکان، که ڕیالیسته کلاسیکیەکان وای بۆ دەچن، که کارا و کاریگەره له پاراستنی سیستەم یان جێگیرکردنەوەیدا. ئەوان بایەخ زیاتر به بەها و هزر دەدەن، لەو بایەخەی به هێزی دەدەن.

بەشی سێیەم، تاوتوێی سروشت و مەبەستی تیۆرەکە دەکات. سەرباری ئەوەی سوسیدیدس هیچ تۆرێکی بنیاد نەنا، بە مانای هاوچەرخ کە بۆ چەمك هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی فراوان بە یەکەم بیریار دادەنرێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. سەبارەت بە مۆرگانسۆ، بەشێوەیەکی ڕوون کەسێکی تیۆرییە. باوەڕی خۆی یەکخستووە لەوەی زانینی تیۆری، لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو خاڵی دەستپێکە بۆ لایەنە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان، تا چارەسەر بۆ کێشە هاوچەرخەکان ببیننەوە، لە میانەی ئەو کردارە بگەن بە چەند شێوەیەکی قوڵتر لە تێگەیشتن.

دەربارەی بەشی چوارەم لەم کتێبە، پێکدێت لە شیکردنەوەیەکی ڕیالیزمی کلاسیکیانە، بۆ هێرشی ئینگلیزی – ئەمریکی بۆ سەر عێراق. تێیدا تاوتوێی سێ تایبەتمەندی – بەڵکو سێ دەرد هەن – هەن کە جیای دەکەنەوە، ڕیالیزمی کلاسیکی بەشێوەیەك باش وەسفی دەکەن، بەڵام ڕالیستە نوێیەکان لێیان بێ ئاگان. تایبەتمەندی یەکەم [دەردی یەکەم] پەیوەندی بە بێت توانایی هەیە لە داڕشتنی بەرژەوەندییەکان بەشێوەیەکی ژیرانە، لە ڕووی ژێربێژیەوە وابەستەیە بە دەرەوەی زمانی دادگەری. تایبەتمەندی دووەم، بریتییە لە بەخۆسەرسام بوون، کە چۆن سەردەکێشێ بۆ لێکەوتەی

مەرگەساتبارى تراژيدى، تەواو پێچەوانەى ئامانجە خوازراوەكان. تايبەتمەندى سێيەم، پەيوەندى هەيە بە دياريكردنى ئامراز و ئەنجامەكان، كە بەشێوەيەكى گشتى نەرێنين و دەرهاويشتەى دياريكردنى ئەو ئامرازانەن، كە دژى بەهاكانى كۆمەڵگەن.

ئەم بەشە كۆتايى پێدێنم بە تاوتوێكردنێكى كورتى تراژيديا، بەوەى پێويستە سوسيديدس چوارەم گەورەترين بەهرەمەندى تراژيديە لە ئەسينا، لە سەدەى پێنجەمى پێش زايين. ئەو تێڕوانينەى دايڕشت لەبارەى جەنگى پيلۆپۆنيزيا (٤٣١ – ٤٠٤ پێش زايين) دامەزراوە لەسەر شێوەى تراژيدى و شێوازێكى ئەدەبى، لەبەرامبەردا مۆرگانسۆ هيچ تراژيديايەكى نەنووسى، بەڵام بيركردنەوەكەى، وەك زۆرێك لە ڕۆشنبيرە ئەڵمانيەكان، لە هەر دوو سەدەى نۆزدە و بيست، بە قوڵى ڕۆچووبوو لە تێگەيشتنى تراژيدى بۆ ژيان و سياسەت. تراژيديا لە كاكڵى تيۆرەكەى، لەو ستراتيژيانەى باوەڕى وابوو گونجاون بۆ دووبارە داڕشتنەوەى سيستەمى سياسيدا هەبوو.

# ڕووانگەی ڕیالیزمی کلاسیکی دەربارەی سیستەمی گشتی و سەقامگیری

## کۆمەڵگەی ناوخۆیی، سیستەمی گشتی، سەقامگیری

لەلایە زۆربەی ڕیالیستەکان، وەڵامێکی ڕاستەوخۆ هەیە لەبارەی کێشەی سیستەمی گشتیەوە، ئەویش: دەسەڵاتێکی ناوەندی کارایە. ئەو حکومەتانەی کە بەرگری لە سنوورەکان دەکەن، یاساکان جێبەجێ دەکەن، هاوڵاتیان دەپارێزن، وا دەکەن سیاسەتی ناوخۆیی سەلامەتتر بێ، لە ڕووی جۆریەوە جیاواز بێت لە سیاسەتی دەرەکی. گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بە سیستەمێکی پشێوی سیاسی و خۆهاوکار (self-help) دەمێنێتەوە، هەروەها ((گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بە گۆڕەپانێك بۆ توندوتیژی دەمێنێتەوە، کە تێیدا دەوڵەتان بەدوای هەل و دەفەرتدا دەگەڕێن، بۆ قۆستنەوەی یەکتر))(١). مانەوەی دەوڵەتان پشت دەبەستێت بە توانای ماددی و هاوپەیمانێتیەکانیان،

(١) John J. Mearsheimer, ((The False Promise of Internatinal Institutions,)) International Security, vol. 19, no. 3 (1994 - 1995).

لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە( ). سوسیدیدس و مۆرگانسۆ[١] بایەخیان بە ئەنجامەکانی پشێوی سیاسی نەدەدا، بەڵکو ئەوان ئەم شێوە دابەشکارییە جۆرییە ناکەن، لە نێوان سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ناوخۆیی. ڕیالیستە کلاسیکییەکان پێیان وایە، سیاسەت بە تێکڕایی گوزارشتە لە خودی پاڵنەرە مرۆییەکان، دەکرێت تووشی هەمان دەردیش ببێتەوە. ئەوان جیاوازی بەدی دەکەن، لە سیستەمی گشتی و سەقامگیری، لە چوارچێوەی سیستەمە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا، زیاتر لەو جیاوازیانەی بەدی دەکەن لە نێوان ئەم سیستەمانەدا، ئەمەش ڕاڤە دەکەن بە گەڕانەوە بۆ یەکگرتووی کۆمەڵگەی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی، هەروەها ئەو سەرچاوانەی لە میانەیدا پاڵنەرە مرۆییەکان ئاراستە دەکرێن.

سوسیدیدس بایەخێکی یەکسان دەدات، بە گەشە ناوخۆییەکان لە ئەسینا، گەشە دەرەکییەکان لەسەر ئاستی جەنگە جۆراوجۆرەکان. هەروەك وەسفی گەشەی هاوتەریب دەکات، کە لەسەر ئاستی

---

(١) Kenneth N. Waltz, Theory of International Politics (London: McGraw-Hill; New York: Random Hose; Resding, MA: Addison-Wesley, [illegible]), pp. 103-104.

گۆڕەپانی ناوخۆیی و دەرەکیدا ڕوودەدەن، هانیشمان دەدات کە لێیان تێبگەین، وەك دەرچەیەك بۆ کردە هاوشێوەکان کە یەکتر بەهێز دەکەن. دەوڵەتە شارەکان (city states) [یان ئەو شارە سەربەخۆیانەی خاوەن سەروەرین]، کە سوسیدیدس لەبارەیانەوە دەدوێت، زنجیرەی هەموو ئەو شارانە دەگرێتەوە، لەوانەی گەیشتوون بە سیستەم و گونجان، تا دەگاتە ئەو شارانەی کە کەوتبوونە نێو گێژاوی پشێوی و جەنگی ناوخۆیی. ئەم ڕاجیاییانەش هیچ پەیوەندییەکیان بە بوون و نەبوونی لیڤاسان (leviathan) (١) بەڵکو پەیوەندی هەیە بە یەکگرتووی و هاوئاهەنگی کۆمەڵگەوە هەیە [چەمکی سیستەم و یەکبوون، لە ناوی خواوەندی کۆدەنگی و هاوئاهەنگی و یەکێتی عەقڵەوە وەرگیراوە]. کاتێك بەستەر و ڕایەڵەکانی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بەهێز دەبن، هەروەك ئەم دۆخە لە

---

(١) لیڤاسان: چەمکێکە تۆماس هۆبز هەڵیژاردووە، بەکاریهێناوە بۆ ئاماژەدان بەو حکومەتەی کە ویستی کۆمەڵێك تاك یەکدەخات، لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی بەهێزی خاوەن سەروەری. چەمکی لیڤاسان لە وەسفێکی ئینجیلیەوە وەرگیراوە، بۆ دڕەندەیەکی دەریایی کە خاوەن هێز و توانایەکی گەورەیە (وەریگێڕی عەرەبی).

لە کوردیدا پێی دەوترێت ئەستێرەی دەریا (وەرگێڕی کوردی).

ئەسیناى بریکلیسی هەیە [بەهۆى سەرکردەى یۆنانی ژەنەڕاڵ بریکلیس ئەم ناوى لێنراوە و دراوەتە پاڵی]، بەهەمان شێوە لە یۆنان بەگشتی کەمێك پێش جەنگی پیلۆپۆنیزیا، ئەوە ناموس [یاسا: nomos[1]]، لایەنە ڕۆڵگێڕ و بکەرەکانی ڕیچکدەخا، چۆن یەکە تاك یان دەوڵەتە شار بن. کاتێك کۆمەڵگە دادەڕوخێ، ئەوە سیستەمیش لەگەڵیدا دەڕوخێ، هەروەك ئەم دۆخە لە دوورگەى کیرکیرا ڕوویدا، لە بیستەکانی سەدەى چوارەمی پێش زایین [دوورگەى کیرکیرا ئەمڕۆ بە ناوى دوورگەى "کورفو" ناونراوە، هەروەك ئەو کات بە ناوى "کورسایرا"ش ناودەبرت لەلایەن یۆنانیە کۆنەکان]، سوسیدیدس هاوڕابوو لەگەڵ ئەڕستۆ کە دەیوت: ((یاسا هیچ دەسەڵاتێکی نییە لە ناچارکردن بۆ ملکەچ بوون، جگە لە هێزی نەریت نەبێ))[2] (ئەرستۆتل، ١٩٨٤ سیاسەت لە نێوان گەلاندا).

---

(١) ناموس (Nomos) یاساى گەورە و نەریتەکان، ڕۆحی یاساکانە لە ئەفسانەى یۆنانیەکاندا، هەروەها ئامرازى دانانی یاسایە مرۆییە لەلاى یۆنانیە کۆنەکان (وەریگێڕى عەرەبی).

(٢) Aristotle, The Complete Works of Aristotile: The Resived Oxford Translation, edited by Jonathan Barnes (Princent,NJ: Princent University Press, 1984).

بەڕاستی تێگەیشتنی مۆرگانسۆ بۆ سیاسەتی ناوخۆیی و سیاسەتی نێودەوڵەتی، بریتییە لە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی سوسیدیدس بۆ ئەو پەیوەندییە. مۆرگانسۆ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا سیاسەت لە نێوان گەلاندا (*Politics Among Nations*)، جیاوازیەکی ورد و جیاکەرەوەی خستۆتەڕوو، لەبارەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ناوخۆیی، بەجۆرێك کە لە بنەڕەتدا دروستی ئەم جیاوازە بە ڕێگەیەکی پەیڕەوی دارشتەوە. مۆرگانسۆ پێداگرە لەسەر ەوەی سیاسەت ڕکابەرییە لەسەر هێز، ئەو هێزەی ((بەشێکی دابەش نەبووە لە خودی ژیانی کۆمەڵایەتی))(١). یاسا و دامەزراوە و پێوەرەکان، لە زۆرێك لە دەوڵەتەکاندا، کار دەکەن لەسەر ئاراستەکردنی ململانێی دەسەڵات، بەرەو ڕێڕەوێکی کۆمەڵایەتی قبوڵکراو، هاوشێوەی دروشم و پەرستشەکان. ناکرێت بەو ئاسانییە ململانێکان بەڕێوە ببرێن لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بەڵام سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان جیاوازیەکی دیار و ئاشکرا دەردەخات، بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان، ئەوروپا لە سەدەی هەژدەمدا ((یەك

---

(١) Hans J. Moragenthau, Politics among Nationa: The Struggle for Power and Peace (New York: Alfred A. Knopf, 1948).

کۆماری گەورە بوو))، کە خاوەن پێوەری تایبەت بەخۆی بوو لە ((پاکسازی و ڕۆشنبیریدا)). پێکهاتەیەکی هاوبەشی هەبوو لە ((هونەر و ئەدەب، یاسا و ئەخلاق))( ). سەرباری ئەوەی ١ مۆرگانسۆ هیچ بەراوردنێکی بە نووسین نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کات قسەی کردووە، لەبارەی وێکچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی هەژدەمدا، لەگەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە یۆناندا، لە ماوەی پێش جەنگی پیلۆپۆنیزیا. لە هەر دوو ماوەدا، ((ترس و ڕیسوایی)) و ((هەندێك لە سەلمێنراوەکانی شکۆمەندی و دادگەری)) هانی زانایانیاندا بۆ میانڕەوی و هاوسەنگی لە حەز و ئارەزووەکانیاندا( ). هەستی کۆمەڵگەیی لە ئەنجامی شۆڕشی فەرەنسی هەڵوەشایەوە، لە دواییدا گێڕدرایەوە. بە تەواوی لە سەدەی بیستەمدا ئەو هەستە ڕووخا، کاتێك زلهێزەکان بەپێی ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندییەکان دابەش بوون. لە سییەکان سەدەی بیستەم، چوار زلهێزی سەرەکی دەرکەوتن، کە ئەوانیش بریتی بوون لە ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤیەت و یابان و ئیتاڵیا،

(١) هەمان سەرچاوە، لا ١٥٩– ١٦٦

(٢) هەمان سەرچاوە، لا ٢٧٠– ٢٨٤

که خودی سەلمێنراوەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیان ڕەت دەکردەوە. یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی دوای جەنگیش سیستەمەکەی هەر ڕەتکردەوە، ئەمەش وایکرد سیاسەتی نێودەوڵەتی بخزێتە ((نێو دیمەنێکی سەرەتایی کە وێنای دوو زلهێز دەکات، کە بە گومانێکی زۆرەوە چاودێری یەکتر دەکەن))[١].

مۆرگانسۆ هەمان جیاوازی لە سیاسەتی ناوخۆییدا بینی. لە کۆمەڵگە بەهێزەکانی وەك بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێوەر و دامەزراوەکان ڕکابەری لەسەر دەسەڵات هێور کردەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە لاوازەکان وەك ئەڵمانیای نازی، یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی ستالین، ئەو پێوەر و دامەزراوانە داڕوخان. سیاسەت لەم دوو دەوڵەتەی دواییدا توند و بێت کۆت و بەند بوو، تەواو وەك ئەو دۆخەی هەیبوو، لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی دیکەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. سەبارەت بە مۆرگانسۆ، تەنانەت بەهەمان شێوە بۆ سوسیدیدس، کۆمەڵگەکان، ئەو شوناس و پێوەرانەی یارمەتیدەر دەبن لە دروست بوون و بەردەوام بوونی، مەترسیدارترین سنووردارکەری سیستەمن لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٢٨٥

## هاوسەنگی هێز

ڕیالیستە هاوچەرخەکان پێیان وایە، توانا سەربازییەکان و هاوپەیمانێتیە سەربازییەکان، دوو ستوونی سەرەکین بۆ ئاسایش. یۆنانیەکان بەهیچ شێوەیەك گوێیان بە گرنگی هاوپەیمانێتیەکان نەدەدا. ئەرستۆ تێبینی ئەوەی کردووە ((کاتێك خەڵك دەبنە هاوڕێ، ئەوە پێویستیان بە دادگەری نییە، بەڵام کاتێکیش دەبنە دادگەر، ئەوە بەهەمان شێوە پێویستیان بە هاوڕێ هەیە))(١). سوسیدیدس و ڕیالیستە کلاسیکییەکان بەشێوەیەکی گشتی دان دەنێن، بەوەی هێزی سەربازی و هاوپەیمانێتییە سەربازییەکان، شمشێری دوو سەرەن؛ دەتوانن ناکۆك و ململانێ هەڵبگیرسێنن، هەروەك چۆن توانایان هەیە ڕێگری لە هەڵگیرساندنی ناکۆکی و ململانێ بکەن.

بەرگی یەکەم لە کتێبی سوسیدیدس (مێژووی جەنگی پیلۆپۆنیزیا)، هیچ بوارێك بۆ گومان ناهێڵێتەوە لەوەی هەوڵی ئەسینای، کە دەیویست هاوسەنگی هێز دروست بکات، لە پێناو بەرژەوەندی خۆی، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ جەنگەکە.

---

(١) Aristotle, The Complete Works of Aristotile: The Resived Oxford Translation, pp. 24-26.

هاوپەیمانێتی لەگەڵ کیرکیرا (کە ئەمڕۆ پێی دەوارێت کورفۆ)، بووە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی توند لەگەڵ کەشتیگەلی کورنسی، گریمانەی ڕوودانی جەنگێکی فراوانتری لەگەڵ ئەسپارتە زیاتر کرد، ئەو کات ئەسینا ڕێوشوێنێکی یەکلاکەرەوەی لە دژی میگارا و پۆتیدا گرتەبەر، وایلیهات سەخت بوو پێش لە هەڵگیرسانی جەنگ بگیرێت. سەبارەت بە هاوپەیمانێتی ئەسپارتە لەگەڵ کۆرنس، ڕایکێشا بۆ جەنگ لەگەڵ ئەسینا، کە لەوانەیە زۆرێك لە ئەسپارتەییەکان حەزیان نەدەکرد ئەو جەنگە ڕوویدات. سوسیدیدس لە هیچ بەشێکی کتێبەکەیدا، تەنانەت یەك نموونەش ناهێنێتەوە دەربارەی هاوپەیمانێتیەك، کە ڕێگری کردبێت لە ڕوودانی جەنگ. ئینجا بەپێی لێکدانەوەی هاوسەنگی هێز بێ، دەبوایە هەندێك لەو هاوپەیمانێتیانە، کاریان کردبا لەسەر پێشگرتن لە ڕوودانی جەنگ. ئەو ڕۆمانەی سوسیدیدس خستوویەتیەڕوو، لەبارەی مشتومڕی (میتیلینی) و گفتوگۆی (میلوسی) [بەهۆی دانە پاڵ دوورگەی میلوسی یۆنانی ئەم ناوەی لێنراوە]، چەندین هۆکار بۆ ئەم شێوازە تەواو شکستخواردووە لە پێشگرتن لە جەنگ باس دەکات. یەکێك لە گرنگترین ئەو نموونانە بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی نا واقیعی، ئەم هەوڵە بە ئارەزوو گیانی مەعنەوی پاڵنراوە، کە هانی

ئاواتخواستن دەدات، بە کەمکردنەوەی مەترسییەکان و زیادەڕۆیی کردن لە گریمانەکانی سەرکەوتن. ئەمە لە دۆخی ئەسپاڕتەدا، سەریکێشا شکستی تەواوی نزیکەی کوتلەکاری جەنگی ئەسپاڕتەیی، لە هەڵسەنگاندنی پاریزبەندی ئەسینیەکان لە دژی هێرش و پەلامار(١).

پێشگرتن لە ڕوودانی جەنگ بەهەمان شێوە شکستی هێنان، لە میانەی داڕوخانی کۆمەڵگە و ئەو نەریتانەی دەیپاراست. ئەسینابیەکان بەشێوەیەك زیاد لە پێویست، ملکەچی حەزەکانی خۆبەگەورە گرتن بوونەوە. نیکیاس کە کەسێکی ژیرمەند و وریا بوو، لە مشتومڕی (صەقەڵی)دا، دەیەوێ ئەسینیەکان فێر بکات، دەربارەی قەبارە و ژمارە و، ئامادەیی سەربازی گەورەترین شاری صەقەلییەکان کە (سیراکوزە)، هۆشداریش دەدات لە مەترسییەکانی بە دەریادا ڕۆیشتن بۆ لێدان لە دوورگەیەك، کە زۆر دوورە، لەکاتێکدا دوژمنی زۆر نزیك هەن لە وڵات هێشتا تێکنەشکێنراون. کەچی ئەلکیبیادس داننان بەم مەترسیانە ڕەتدەکاتەوە و بیریشیان

---

(١) Thucydides, History of pelopennesian War (□□□□). Trans. by Rex Warner (New York: Penguin Books).

لێناکاتەوە، ئەمەش لە وەڵامی چلێسی جەماوەرەکەی. چونکە نیکیاس دەیزانی، مشتومڕی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە هەڵمەتی جەنگ سەرکەوتوو نابێ، لە میانەی ئەمەدا دەیەوێ ستایشی ئەنجومەن بکات، لە میانەی پێداگیربوون لەسەر ئامادەکردنی هێزێکی گەورەتر و ئامادەکاری فراوانتر، لەوەی کە پێشتر پلانی بۆ دانرابوو. ئەوەی بووە مایەی سەرسوڕمان، ئەوە بوو هەر کاتێك داواکارییەکانی زیاد دەکرد، ئەوە تامەزرۆیی ئەنجومەن بۆ پاڵپشتی هەڵمەتەکە زیاتر دەبوو، چونکە قەناعەتیان وابوو، هێزێك بەو قەبارەیە پێشی لێناگیرێت و تێکناشکێنرێت. وایلێهات ئەسینایییەکان بە توندی خۆیان داخست لە دژی دەنگی عەقڵ و ژیربێژی. بەدوای ئاواتی چنینەوەی دەستکەوتەکاندا کەوتن، بەمەش دووەم خراپ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندیان کرد – بەوەی هاوپەیمانێتیەکەیان لەگەڵ کیرکیرا بە پلەی یەکەم – لە کۆتاییدا سەریکێشا بۆ تێکشکانی ئەسینا(١).

مۆرگانسۆ بۆچوونی وایە، گشتگیری پاڵنەری هێز لای مرۆڤ، واتە هاوسەنگی هێز بریتییە لە ((دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی، کە

(١) هەمان سەرچاوە، ب ٦، لا ١٠١–٦٢

لەسەر هەموو ئاستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکەیت))( ).

تاك و کۆمەڵ و دەوڵەتەکان، بەدڵنیاییەوە یەکدەگرن بۆ پارستنی خۆیان لە دەستدرێژیکاران. هاوسەنگی هێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ناوەرۆکی دژی هەبوو لەگەڵ ئاشتی. دەکرێت هاوسەنگی هێز بەر لە ڕوودانی جەنگ بگرێت، ئەگەر هێزە نەگۆڕخوازەکان (states quo powers) باڵادەست بوون بەسەر تەحەددای ئیمپریالییەکان، پێداگری خۆی نیشاندا، لەسەر ئەنجامدانی جەنگ لە پێناو بەرگرکردن لەو دۆخەی هەیە. بەڵام هاوسەنگیەکە لەوانەیە بارەکە گرژتر بکات، ئەگەری ڕوودانی جەنگ زیاتر دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەستەم بوونی هەڵسەنگاندنی، پاڵنەر و توانا و مەبەستی دەوڵەتەکانی دیکە، بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و دڵنیاکەرەوە. سەرکردەکان هەوڵ دەدەن، بەشێوەیەکی گونجاو پەراوێزێکی سەلامەت دەستەبەر بکەن، کاتێك چەند دەوڵەتێك یان هاوپەیمانێتیەکی دژ بەو جۆرە مامەڵە بکەن، ئەوە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گرژیە نێودەوڵەتییەکان. لەم دۆخەدا،

(١) Hans L. Morgenthau, Dicline of Domesic Politics (Chicago, IL: University of Chicago Press, [illegible]), pp. 49 and 81.

لەوانەیە هێزە تازە دەرکەوتووەکان بیانەوێ بچنە نێو جەنگەوە، کاتێك باوەڕیان وادەبێت کە تایبەتمەندن و جیاوازن، لەوانەشە هێزە نەگۆڕخوازەکان (states quo powers) جەنگی خۆپارێزی هەڵبگیرسێنن، لە دژی زلهێزە دەرکەوتووەکان، کە بوونەتە تەحەددا بۆیان. مۆرگانسۆ پاساو دەهێنێتەوە، بەوەی هەتا لەو کاتەی هاوسەنگی هێز شکست دەهێنێت، لە بەرگرتن لە ڕوودانی جەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لە ئاکامەکانی جەنگ کەم بکاتەوە، پارێزگاری لە بوونی ئەو دەوڵەتانە بکات، کە سیستەمی سیاسی پێکدەهێنن، جا ئەو دەوڵەتانە بچوك بن یان گەورە. مۆرگانسۆ پایەی داوەتە هاوسەنگی هێز، لەوەی خزمەتی ئەم ئامانجانەی کردووە، بە زۆری لە هەر دوو سەدەی هەژدەم و نۆزدەم(١).

مۆرگانسۆ پێی وایە، سەرکەوتنی هاوسەنگی هێز لە بەشی هەرە گەورەی دوو سەدەی ناوبراو، ئەنجامی دابەش بوونی توانا و هێز نەبوو، بە ئەندازەی ئەوەی ئەنجامی بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هێزی ئەو کۆمەڵگەیە بوو، کە گرنگترین ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکانی لە

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٨٠، هەروەها Hans J. Moragenthau, Politics among Nationa: The Struggle for Power and Peace, pp. 155-159, 162-166 and 172.

سیستەمێکدا بەیەکەوە کۆکردەوە. کاتێك ئەو کۆمەڵگەیە دارِوخا، هەروەك ئەمە ڕوویدا لەوەتەی دابەشبوونی یەکەمی پۆڵەندا لە سەروبەندی جەنگی ناپلیۆنی، هاوسەنگی هێز ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکرد، لە پاراستنی دۆخی ئاشتیانە یان پاراستنی بوونی ئەندامان لە سیستەمەکەدا(١). کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوەش لاوازتر بەە لە سەدەی بیستەمدا، ئەم شۆڕبوونەوەی یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەر دوو جەنگە جیهانیەکە. مۆرگانسۆ ترسا لەوەی بەردەوامی نەبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ماوە دوای جەنگ، سەریکێشا بۆ لادانی هەموو ئەو ڕێکخەر و مەرجانەی، کە ڕکابەری نێوان زلهێزەکانی کۆت و بەند دەکرد. بە هاتنی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، مۆرگانسۆ گەشبینتر بوو، سەبارەت بە هەل و دەرفەتی سەپاندنی ئاشتی. کرانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دان پێدانانی ڕوون و ئاشکرا بە دۆخی هەرێمی هەنوکەیی لە ئەوروپا، لە بەرامبەردا پاشەکشە لە بەرەنگاربوونەوەی ئایدۆلۆژی، دەرکەوتنی یابان و چین و ئەڵمانیای خۆرئاوا بەو وەسفەی بە هێزی سێیەم گریمانە دەکرێن، کاریگەریەکان ڤێتنام لەسەر هێزی ئەمریکی،

(١) Hans J. Moragenthau, Politics among Nationa: The Struggle for Power and Peace, pp. 160-166.

وایکرد هەر دوو زلهێزەکە وریاتر بن و پێکەوە هەڵکردنیان لەگەڵ دۆخی ئێستا زۆرتر بێت(١). بەڵام لەوانەیە گرنگتر لەوە پەیوەندییە ڕۆژانەییەکانیان و دانوستانەکانیان، ئەو ڕێکەوتننامانەی هەندێك کات لە نێوانیاندا ئەنجام دراون، بەشێوازێك لە شێوازەکان بەرەو ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکان نێوانیان ڕۆیشتوون، بنەمایەکی دروستکردووە بۆ هەستکردنی سەرلەنوێ بە بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

سوسیدیدس و دواتر مۆرگانسۆ وا لە سیاسەت تێگەیشتوون، کە ململانێیە لەسەر هێز و بەرژەوەندییە تاکلایەنەکان. جیاوازی نێوان سیاسەتی ناوخۆیی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە پلەدا بووە نەوەك لە جۆردا. توانای سەربازی و هاوپەیمانێتییە سەربازیەکان، ئامرازی پاراستنی پێویست بوون، لە جیهانی شڵەژاو و گۆڕاوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵام شێوازێك نەبوون کە پشتیان پێببەسترێ بۆ پاراستنی ئاشتی یان سەربەخۆیی لایەنە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان. لە کۆتاییدا، سیستەمی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پشتی بە هێزی کۆمەڵگە

---

(١) Hans J. Moragenthau, Politics among Nationa: The Struggle for Power and Peace, 4th (New York: Alfred A. Knopf, 1972), preface.

بەست. کاتێك دەوڵەتەکان و سەرکردەکانیان، وابەستەبوون بە ڕۆشنبیری و کەلتور و نەریت و پەیوەندییە کەسسیە هاوبەشەکان، ئەوا ڕکابەری لەسەر هێز کۆت و بەند کراو بوو، لە ڕووی ئامانج و ئامرازەکانیەوە. لە ژێر ئەم جۆرە بارودۆخەدا، لەوانەیە هاوسەنگی هێز سەبکێشێ بۆ بەرگرتن لە ڕووانی هەندێك جەنگ، کەم کردنەوە لە گرژی هەندێك جەنگی تر. لە سایەی ئامادەنەبوونی کۆمەڵگەی ناوخۆیی، هێزی سەربازی و هاوپەیمانێتییە سەربازیەکان، دەستەبەری ئاشتیان ناکەن، بەڵکو دەکرێت ئەو جەنگە هەڵبگیرسێنن، کە مەبەست بووە بەو هێز و هاوپەیمانێتییە سەربازیانە بەر بگیرێ لە هەڵگیرسانی. لە تواناد‌ا نەبوو بەر بگیرێ لە دەوڵەتانیکی وەك ئەسینا، سەرکردەیەکی وەك ناپلیۆن و هیتلەر. هەروەك مۆرگانسۆ پێی وایە، هاوسەنگی هێز بەشێوەیەکی چاکتر کار دەکات، کاتێك کەمترین پێویستی پێی دەبێت.

## بەرژەوەندی و دادگەری

ڕیالیستە هاوچەرخەکان، پێناسەی بەرەژەوەندییەکان دەکەن لە ڕووانگەی هێزەوە؛ ئەوان تا ئاستێکی زۆر هێز بە توانا مادییەکان

لێکدەدەنەوە. کینس واڵتز( ) ڕای وایە: ((کاریگەری سیاسی گەلان بەشێوەیەکی تۆکمە وابەستەیە بە هێزی ئابووری و هێزی سەربازیەکەیان)). بەهەمان شێوە زۆرێك لە ڕیالیستە هاوچەرخەکانیش باوەڕیان بەوەیە، کە بەرژەوەندی کەسی لە سەرووی بنەمای ئەخلاقیەوەیە، بۆچوونیان وایە کە ڕەچاوکردنەکانی دادگەری، بنچینەی نەگونجاون، یان تەنانەت مەترسیدارن، ئەگەر سیاسەتە دەرەکییەکانی لەسەر بنیات بنرێت. لە باشترین دۆخدا، لەوانەیە پەنابردنەبەر دادگەری بیانوێك بێت، بۆ پاساودان سیاسەتگەلێکی پاڵنراو بە بەرژەوەندی ماددی دیاریکراو، یان ئامرازێك بێت بۆ شێواندنی ئەو سیاسەتانە و داپۆشینی پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی پاش ئەو سیاسەتانە. ڕیالیستە کلاسکییەکان بۆچوونیان وایە تواناکان تەنها یەك سەرچاوەن بۆ هێز، هەروەك هێز و کاریگەریش بە یەکسان دانانێن. بەلای ئەوانەوە کاریگەری پەیوەندییەکی دەروونیە، وەك هەموو پەیوەندییەکان، لەسەر چەند ڕایەلێك دامەزراوە، کە لە سەرووی بەرژەوەندییە کاتی و هەنووکەییەکانە. دادگەری دێتە ناو وێنەکە، چونکە بنچینەی

---

Waltz, Theory of International Politics, p. 153. (١)

پەوەندییەکانە، بناغەی هەسیت کۆمەڵگەییە، کە لە کۆتاییدا کاریگەری و ئاسایش پشتی پێدەبەستن.

ئاستی یەکەم لە کتێبی مێژووی سوسیدیدس، وێنای گرژییەکان دەکات لە نێوان بەرژەوەندی و دادگەری، ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن گرژیەکان زیاتر پەرەدەستێنن، لە وەڵامی داخوازیەکانی جەنگ. هەروەها ئەوەش دەردەخات کە چۆن بەرژەوەندی و دادگەری وابەستیە یەکترن، هیچ یەکێکیان لەوەی دیکە جیا نابێتەوە، چۆن هەر یەکەیان بنچینەیین، لە پێکهێنانی ئەوەی دیکە لەسەر ئاستێکی قوڵتر. لە وتاری لاواندنەوە و پێداهەڵدان، کە (پریکلیس) پێشکەشی کرد [بۆ ڕێزگرتن لەو ئەسینایانەی لە پێناو شارەکەیان گیانیان بەخت کرد]، پریکیلیس ئەسینا بە دیموکراسی وەسف دەکات، بەڵام سوسیدیدس(١) بۆچوونی وایە، هەموارکردنەکانی دەستوور لە هەر دوو ساڵی ٤٦٢ و ٤٦١ پێش زایین، شێوەیەکی تێکەڵاوی پێکهێنا لە شێوەی حکومەتەکان، پێشمان ڕادەگەیەنێ کە لە دوای دەمامکی دیموکراسییەت، حوکمی تاکەکەسێك خۆی

---

(١) Thucydides, History of pelopennesian War, vol. , pp. 37-41.

شاردبووەوە، ئەویش بریکلیس بوو[١]. ئایدۆلۆژیاکانی دیموکراسیەت، کە بریکلیس خۆی پێیەوە هەڵواسی بوو بە ئاشکرا، بووە هۆی کەمکردنەوەی پەرەسەندنی گرژییە چینایەتیەکان، گەلیشی ملکەچی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و سیاسەتیشی ملکەچی دەستەبژێر (elite) کرد. کاتێك بۆشایی نێوان ئایدۆلۆژیا و جێبەجێکردندا دەرکەوت، لە میانەی هەڵسوکەوتی سەرکردە (دیماگۆگییەکان) لە ماوەی دوای حکومڕانی بریکلیس، وایلێهات گرژی ململانێی چینایەتی زیاتر پەرەیسەند، سیاسەت زۆرتر بەرەو درندەگەرایی ڕۆیشت، ئەمەش بە توندی دیموکراسی ڕامالی لەلایەن (ڕژێمی حوکمڕانی سی ساڵە) لە ساڵی ٤٠٤ پێش زایین، دواتر گێڕانەوەی دیموکراسییەت بەڵام بەهەمان ئەندازە لە توندوتیژی لە ساڵی دواتردا. دادگەری یان بەلایەنی کەمەوە باوەڕبوون بە دادگەری، بریتی بوو لە بنچینەی کۆمەڵگا.

ئیمپریالیزمی ئەسینایی، ملکەچی پەرەسەندن و وەرچەرخانێکی هاوشێوە بوو. ئیمپریالیزم بە سەرکەوتوانە ئاڕاستەی خۆی گرتبوو، کاتێك هێز و دەسەڵات پیادە دەکرا، بە ڕێککەوتن لەگەڵ داب و

---

(١) هەمان سەرچاوە، ب ٢، لا ٣٧- ٤١، و ٦٥- ٧٠.

نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کە زاڵ بوون بەسەر گوتار و ڕەفتاری یۆنانیەکان. ئەسینا هێزی هەڵبژارد بەسەر ڕێبـــیر (مبدأ)ـــدا، لە سەردەمی دوای بریکلیس، بەمەش هەژموونی خۆی لەدەستدا، هاوپەیمانەکانی لەخۆ دوورخستەوە، بناغەی هێزی تایبەت بەخۆی لاواز کرد. لە ساڵی ٤٢٥ پێش زایین، لە ماوەی مشتومڕی (میتیلینی)ـــدا، کلیۆن پێشنیاری بۆ ئەنجومەن کرد، کە دان بەوەدا بنێن کە ئیمپڕاتۆریەتەکەیان [کە خاوەن هێز و سەرووەری و باڵادەستییە] بریتییە لە یاخیبوون، کە لەسەر هێزی سەربازی و ئەو ترسە دامەزراوە، کە ئەو هێزە بڵاوی دەکاتەوە[1]. لە ساڵی ٤١٦ کۆمسیارە ئەسینابییەکان لە گفتوگۆی (میلۆسی)ـــدا، خەڵکیان دابەشکرد، بۆ حوکمڕان و هاوڵاتی[2]. پاشان بۆ ترساندنی هاوپەیمان و دوژمنان بەیەکسانی، ئەوە ڕایانگەیاند کە پێویستیان بە فراوانخوازیە، ئەم جۆرە لە داگیرخوازی و ئیمپریالیبیەتە ئارەزووخوازە بۆ فراوانخوازی دەرامەتەکانیان، ئەوانی گەیاندە خاڵی داڕوخانیان. لەبەر ئەوە ئەو بەرژەوەندییانەی لە دەرەوە زمانی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ب ٣، لا ٣٧– ٤٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ب ٥، لا ٩٥

دادگەریدا دەناسێنرێن، بریتین لە بەرژەوەندی نا ژیرانە و داڕوخێنەریشن بۆ خود.

ئەو وێنا هاوتەریبانەی کە سوسیدیدس داینا‌ون، دەربارەی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی ئەسینا، ئاماژە دەکەن بۆ باوەڕ بوون بەوەی ناچارکردن هەرگیز بناغەیەکی شیاو نییە، لە دروست کردنی کاریگەری، چونکە لە کۆتاییدا سەردەکێشێ بۆ خۆ داڕوخاندن و تێکشکاندن. فەیلەسوفی سۆفستائی (گۆرجیاس) (لە دەوری ٤٣٠ پێش زایین ژیاوە) هەڵساوە بەوەی وشەکانی بە کەسی کرد، لە میانەی ئەم وەسف کردنەیەوە کە خستۆیەتیەڕوو ((سەرکردەیەکی گەورەیە، هەرچەندە جەستەی لاواز و قەبارەکەی بچوکە، کەچی کارە هەرە گەورەکان ئەنجام دەدات))[١]. لە میانەی بەکارهێنانی زمان لە پاڵ قەناعەت پێهێناندا، ئەوا ((گیانی تاکەکان پێکدێنێت وەك ئەوەی ئارەزووی دەکەیت)). سوسیدیدس بەرەو هەمان دەرئەنجامان دەبات؛ چونکە لەوانەیە قەناعەت پێ هێنان پاڵپشتی هەڵوێستی ((هاوڵاتی یەکەم: واتە: سەرکردەی سەربازی)) بکات، لە ئەسینا لە

(١) Herman Diels and Walter Krans, Die Frogment der Vorsokratiker, 7th ed. (Berlin: Weidnarische Verlansbuchhandlung, 1956), Frg. 82, B11.

بەرامبەر جەماوەردا، هەروەها پاڵپشتی سەرکردەی زاڵ بوو بکات، لە بەرامبەر ئیمپڕاتۆریەتەکەیدا، بە شێوەیەکی کارا جێبەجێکردنی دەسەڵات بشێوێنێت، تا پاڵنەرە ڕاستەقینەکان پاڵی بشاریتەوە. لە پێناو ئەوەی سەرکردە و خۆسەپێنەکان بتوانن جەماوە ڕازی بکەن، پێویستە وەڵامی پێشبینیە ئایدۆلۆژییەکانی تایبەت بەخۆیان بدەنەوە. ئەم کارە سەبارەت بە ئەسینا، واتە پێدانی جیاوك (إمتیازات) بە هاوڵاتیان و هاوپەیمانان، بەهێز کردنی ڕێبیر و بنەماکانی سیستەم، کە دەوڵەتە شار و ئیمپڕاتۆریەتەکەی لەسەر دادەمەزرێت.

لەوانەیە ئەو دەربڕینەی زۆرترین جار هەڵهێنجرابێت، لە کتێبی (سیاسەت لە نێو گەلاندا) بریتییە لەو: جەختکردنەوەیەی کە لە لاپەڕەکانی دەستپێکی کتێبەکەدا هاتووە، ئەویش ئەوەیە ((چەمکی بەرژەوەندی کە لە میانەی هێزدا پێناسە دەکرێت)) سیاسەت جیا دەکاتەوە بەوەی ((بواریکی سەربەخۆیە بۆ کردار))، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی وادەکات سیاسەت ببێتە تیۆرێك، کە شیاوی جێبەجێ کردن بێت(١). مۆرگانسۆ بەرەو ڕووخاندنی ئەم شێوە دەربڕینە دەڕوات،

---

(١) Hans J. Moragenthau, Politics among Nationa: The Struggle for Power and Peace, 3th ed. (New York: Alfred A. Knopf, 1960) p. 5.

بۆ ئەوەی چەمکێکی وردتر دابڕێژێت بۆ پەیوەندی نێوان هێز و بەرژەوەندی. دەکرێت ئەم تێکگیرانانە بەیەکەوە بگونجێنین، ئەگەر دانمانا بەوەی مۆرگانسۆ جیاوازی کردووە، لە نێوان هەر دوو بواری تیۆری و کرداری (جێبەجێکردن). بواری تیۆری هەوڵی داوە نموونەیەکی بەرزتر دروست بکەن، کە نموونەیەکی ڕووت و ژیرمەندانەی دامەزراو بێ، لەسەر بزوێنەری شاراوە و جێگیر لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. ئەم جۆرە تیۆرانە گوزارشت لەو نموونانە دەکەن کە کەمتر گەشە دەکەن؛ لەبەر ئەوەی سیاسەت و شکردنەوەی سیاسەت زیاتر بەرهەست بوونە، نەوەك هەمیشە شتێکی ژیرمەندانە و عەقڵانی بووبن، بۆیە پێویست بوو ڕەچاوی چەندین ستی دیکەیان کردبا، لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت.

بەڕاستی جیاوازی نیوان تیۆر و جێبەجێکردنی، ڕوون و ئاشکرایە لە وێناکردنی مانای هێز، کە مۆرگانسۆ دایناوە. مۆرگانسۆ هێزی وەك خاسیەتێکی نابەرهەست بینیوە، کە چەندین پێکهاتەی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، کە بەشێوەیەکی نیمچە تێروتەسەل ڕیزبەندیان بۆ دەکات. بەڵام لە جیهانی ڕاستەقینەدا، ئەو ستراتیژیەت و تەکتیکانەی سەرکردەکان بەکاریان دەهێنا، بۆ گۆڕینی تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی هێز بۆ کاریگەری سیاسی، ئەمە هەمان گرنگی خودی

ئەو تایبەتمەندیانەی هەبووە. لەبەر ئەوەی کاریگەری پەیوەندییەکی دەروونیە، ئەوا لەسەر سەرکردەکان پێویستە، نەك تەنها ئەو دوگمانە بزانن کە دەکەونە ژێر هەڵسوکەوتیاندا، بەڵکو پێویستە بزانن کە کام دوگمە لە چ بارودۆخدا بەکاردەهێنن. هیچ پێوەرێکی ڕەهاش بۆ هێزی دەوڵەت بوونی نەبووە، چونکە هەردەم ئەو پێوەرانە ڕێژەیی و دیارکراو و تایبەت بوونە بە هەڵوێستەوە. لەوانەیە بزوێنەر و پاڵنەرەکانی کاریگەری نەهێڵن، چونکە دەکرێت (أ) لە دژی (ب) بەکارهێنی، بەڵام هەرگیز بەکارهێنانی (أ) لە دژی (ج) کاریگەر نەبێ. پەیڕەوکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، پێویستی بە تێگەیشتنێکی ژیرانەیە لە ئامانجەکانی، هاوپەیمانان و دوژمنان و لایەنی سێیەم، هەروەها پێویستی بە تێگەیشتنە لە خاڵی هێز و لاوازیەکانیان. بەڵام لە سەرووی هەموو شتێکەوە، پێویستی بە هەستیاری و ڕەچاوکردنی دەروونیە، بۆ پێداویستیەکانی ئەوانی دیکە لە ڕێزگرتن لە خود و متمانە بەخۆبوون.

خەڵك هەوڵی زاڵ بوون و باڵادەستی دەدەن، بەڵام زۆربەی جاران لە کۆتایی ڕێگەدا دەبنە شوێنکەوتووی خەڵکانی دیکە(١).

---

(١) Hans J. Moragenthau, Scientific Man vs. Power Politics (London: Latimer Press, 1947), p. 145.

هەوڵ دەدەن ئەم ڕاستینە نەخوازراوە بشارنەوە، ئەوانەش کە دەسەڵات بەڕێوە دەبەن، بە شێوەیەکی کارا ئەو پاساو هێنانەوە و ئایدۆلۆژیایانە بەکاردەهێنن، کە ئەم کار و پرۆسەیە ئاسان دەکەن. هەر کاتێك شیاو بێت هەوڵ دەدەن، قەناعەت بەوانە بکەن کە پێویستە ملکەچیان بکەن بۆ ویستی خۆیان، بەوەی ئەوان کار لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەکەن، یان کار لە پێناو بەرژەوەندی ئەو خەڵکانە دەکەن کە لە کۆمەڵگەیەکی فراوانتردان( ). مۆرگانسۆ پێداگر بوو لەسەر ئەوەی ((پێویستە لە پێناو شارەزابوون و بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ژیرمەندی ئەندازیار نییە، بەڵکو دانایی و هێزی مەعنەوی پیاوی دەوڵەته))( ). ٢

مۆرگانسۆ هاوشێوەی سوسیدیدس وا تێگەیشتووە، پابەندبوون بە پێوەرە ئەخلاقییەکان، لە بەرژەوەندی ئەوانە بووە دەسەڵاتداران بووە، بە ئەندازەی ئەوەی کە لە بەرژەوەندی ئەوانە بووە، کە دەسەڵاتیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. مۆرگانسۆ ئەم خاڵەی ڕوونکردۆتەوە، لە میانەی ڕەخنەگرتنی لە دەستێوەردانی ئەمریکی،

---

(١) Moragenthau, Decline of Domestic Politics, p. □□.

(٢) هەمان سەرچاوە، لا ١٧٢

لە نیمچە دوورگەی هیندی چینی، بەوەی پێی وابوو ئەم دەستێوەردانە شکست دەهێنێت، کاریگەری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهاندا پەرش و بڵاو دەکات، چونکە ئامانج و ئامرازەکانی سیاسەتی ئەمریکی، پرسە ئەخلاقیەکانی سەردەمی پێشیل کردووە. ئەم هەڵوێستەی مۆرگانسۆ ڕووبەڕووی جۆرێك لە گاڵتەجاری بووەوە؛ چونکەی پێش دوو دەیە ناوبراو کتێبەکەی بەناوی (سیاسەت لە نێو گەلاندا) نووسی، کە لە بەشی زۆریدا ئاڕاستەی دەستەیەکی کاریگەر بوو، لە دەستەبژێری ئەمریکی، تا ڕزگاریان بکات لەو باوەڕە سادەیەیان، بەوەی پێیان وابوو ئەخلاق ئاڕاستەکەرێکی گونجاوە بۆ سیاسەتی دەرەکی، هەروەها باوەڕیان وابوو کە دەکریچ چارەسەرێك بۆ ململانێیە نێودەڵەتییەکان ببینرێتەوە لەمیانەی جێبەجێکردنی یاسا. ئەو پێی وابوو کە دەستێوەردان لە نیمچە دوورگەی هیندی چینی، ئاماژە بەوە دەکات کە سیاسەتمەداران و بڕیاربەدەستانی ئەمریکی، زۆر بەچاکی لەوەوە وانەیان وەرگرتووە؛ واتە ئەوان سیاسەتی ڕیالیزمیان کردۆتە بنەما، چوونەتە ئەوبەر بۆ سەر هێڵی بەردەوام بوون لە دوو لای دژیەکدا. مۆرگانسۆ پێداگربوو لەسەر ئەوەی، کە ئەو پرسە ئەخلاقیانەی لە میانەی داب و نەریتی سەردەمەوە پێناسە دەکرێت و دەناسرێت،

چەند کۆت و بەندێك دەسەپێنێ بەسەر، ئەو ئامانجانەی کە هێز ئهەوڵی بۆ دەدات، هەروەها ئەو ئامرازانەش سنووردار دەکات کە بەگەڕدەخرێن لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەدا(١).

ڕیالیستە کلاسیکییەکان – میکاڤیلی بە یەکێك لەوان دادەنرێ – ڕایان وایە، دوو کۆمەڵە هۆکاری جیاوازی بەیەکەوە وابەستە هەن، کە وا دەکەن دادگەری گرنگن بێ. لەبەر ئەوەی دادگەری کلیلی کاریگەرییە، ئەوە دیاری دەکات کە خەڵك چۆن لێت تێبگەن و وەڵامت بدەنەوە. ئەو سیاسەتانەی کۆت و بەندکراون بە بنەما ئەخلاقییە پەسەندەکان، بەشێوەیەکی گشتی پشتگیریان لێدەکەن، دۆخێکی بەهێز لە شەرعییەت دەبەخشن، یارمەتیدەر دەبن بۆ گێڕانەوەی لایەنە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان (ئەوانەی کە زلهێز نین) بۆ شوێن و پێگەکەیان، چ وەك شوێنکەوتوو یان بەڕێوەبراو. بەهەمان شێوە دەکرێت کاریگەری بکرێت، بەهۆی بەرتیل یان بە زەبری هێز بسەپێنرێت، بەڵام ئەو کاریگەریەی بەم جۆرە بەدەستدەهێنرێت، پارستنی تێچووی زۆرە، کارایی ئەم کاریگەرییە لاوازە، زۆربەی

(١) Moragenthau, Scientific Man vs. Power Politics, pp. 151-168.

کات تەمەنی کورتە. لە بەرامبەردا، پابەندبوونی تەواو بە دادگەریەوە [کە دەکرێ بە بەڵگە بسەلمێنرێت] دەتوانێ ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دروست بکات و بپارێزێت، کە ڕێگە بە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان دەدات، هێز لە کاریگەریدا بەرجەستە بکەن، بە چەند ڕێگە و شێوازێکی کارا.

دادگەری گرنگە وەك دووەم بنەما و ئامراز، ئەو دوانگە زاراوەی و واتایی فەراهەم دەکات، کە دەکرێت لایەنە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان، بەرژەوەندییەکانی لەسەر بنیات بنێن بە چەند شێوازێکی ژیرانە. لەسەرووی هەموو شتێکی تریشەوە، پابەندبوون بە دادگەری سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ دانبەخۆداگرتن، بەدڵنیاییەوە دانبەخۆداگرتن ڕاستەوخۆ دەگونجێت لەگەڵ هێزی تاك. پێویستە دەوڵەتی لاواز بەشێوەیەکی گشتی، بە وریاییەوە مامەڵە بکات، بەهۆی کۆت و بەندە دەرەکییەکانەوە. سەبارەت بە دەوڵەتە بەهێزەکانەوە، لەسەریان پێویست نییە پابەند بن بە هەمان ڕێگە و شێوازەوە، سەرکەوتنەکانی ڕابردوویان کە وایان کردووە ڕەچەڵەکێکی بەهێزی بەخۆسەرسام بووی لێیان دروست کردووە، سەرکردەکانی هاندەدات بۆ دانانی ئەندازەکاریەکی گەورەکەر، بۆ تواناکانی بۆ دەستگرتن بەسەر ڕووداوەکان و فریویان دەدات لە بنیاتنانی پڕۆژەی

دەورەدراو بە مەترسی. هەروەك ئەم دۆخە دەبینین لە تراژیدیای یۆنانیدا، هەمیشە ئەم لێکدانەوە هەڵانە سەردەکێشن بۆ کارەسات، هەروەك لێکدانەوەی هەڵە ئەمەی بەسەر ئەسینا و ناپلیۆن و هێتلەردا هێنا. لەبەر ئەمە دانبەخۆداگرتن دەروونی و کاریگەری دەرەکی بە توندی بەیەکەوە وابەستەن. هەرچی دابەخۆداگرتن هانی ئەو ڕەفتارە دەدات، کە دەگونجێ لەگەڵ بنەماکانی دادگەری کە دانی پێدانراوە، ئەوا سەردەکێشێ بۆ بەدەستهێنانی هەژموون و پاراستنی لە یەك کاتدا، ئەو هەژموونەی وا دەکات کاریگەری کارا شیاوی بوون بێ.

# ڕیالیزمی کلاسیکی و گۆڕان

## گۆڕان و نوێگەری

ڕیالیستە هاوچەرخەکان جیاوازی دەکەن، لە نێوان سیستەمەکاندا لەسەر بنەمای جەمسەربەندیدا (تاکجەمسەری، دووجەمسەری، فرەجەمسەری)، گۆڕان لە پێکهاتەی سیستەمدا دەردەکەوی(١)، کاتێك ژمارەی جەمسەرەکان دەگۆڕێن، زۆربەی کات ئەمە دەرئەنجامی جەنگی هەژموون دەبێت، کە ئەویش بەهۆی گۆڕان لە توانا ماددیەکاندا دروست دەبێت، لەوانەیە هێزە تازە دەرکەوتووەکان بچنە ناو جەنگەوە، لە پێناو دووبارە داڕشتنەوە و پێکهێنانەوەی سیستەم لە بەرژەوەندی خۆیاندا، سەبارەت بە هێزە نەگۆڕخوازەکان (states quo powers) لەوانەیە ئەوانیش

(١) هەندێك کات وشەی ((پێکهاتە: منظومة))مان بەکارهێناوە، بۆ ئاماژەکردن بە ((سیستەم))، ئەمەش بۆ جیاکردنەوە لە وشەی ((ڕێکخستن: order)).

بچنه ناو جەنگەوە لە پێناو شکست پێهێنانی ئەم جۆرە گۆڕانانە. هەندێك لە ڕیالیستەکان پێیان وایە، ئەم زنجیرەیە پەیوەست نییە بە هیچ کات و سەردەمێکەوە، بەڵکو ئەمە سەربەخۆ و جیاوازە لە تەکنەلۆژیا و فێربوونەوە. هەندێکی تریان ڕایان وایە، چەکی ناوەکی (نەوەوی) شۆڕشێکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا بەرپاکردووە، بەوەی وایکردووە جەنگ کاولکارتر بێت، لەوەی ژێرمەندانە بێت. لە ڕووانگەی ئەوانەوە، ئەمە ڕاڤەی وەرچەرخانی ئاشتیانە دەکات، لە دووجەمسەریەوە بۆ فرەجەمسەری لە کۆتایی جەنگی ساردا، ئەگەر ئەم ڕاڤەیە نەبووبا ئەوە ئەم وەرچەرخان و گۆڕانە بە شتێکی ڕیزپەڕ (شاذ) دادەنرا(١).

---

(١) John J. Mearsheimer, ((Back to the Future: Instability in Europe after the Cold War,)) International security, Vol. 15, no. 1 (1990); Kenneth N, Waltz, ((The Emerging Structre of International Politics,)) International Security, vol. [illegible], no. 1 (1993), and William C. Wohlforth, ((realism and the end of the cold War,)) International Security, vol. 19, no. 1 (1994-1995).

سەبارەت بە ڕیالیستە کلاسیکییەکان، گۆڕان بە چەمکێکی فراوانتر دادەنرێ، چونکە ئەوان ئەوان دەیبەستنەوە بە چەند کردارێك، کە ئەمڕۆ بە نوێگەری وەسفیان دەکەین. گۆڕانیش لە لەو شوناس و گوتارانەدا دەکات، کە چەند چەمکێکی گۆڕاو هاودەمی دەبن، کە پەیوەستن بە ئاسایشەوە.

زمانی سوسیدیدس هانی خوێنەرانی دەدات(١)، کە بەراوردکردنێك بکەن، لە نێوان هەوڵدانی تاك بۆ کۆکردنەوەی سامان، لەگەڵ هەوڵدانی ئەسینا بۆ بەدەستهێنانی هێز. ئیمپراتۆریەت بنیاتنراوە لەسەر هێزی سامان، ئەمەش داهاتێك دروست دەکات (لە پێناو دروستکردنی هێزێکی دەریایی لە یۆنان و پاراستنی). ئەسینا زۆر بەهێز بوو بە بەراورد بە دەوڵەتە شارەکانی دیکە، تا ئاستێك کە لە توانیدا بوو بە زەبری هێز دەستیان بەسەردا بگرێت. بەلای یۆنانیەکانەوە ستەمکاران ئەو حوکمڕانانە بوون، کە هیچ بنەمایەکی دەستووریان نەبوو، وازیان هێنا بوو لە مامەڵکردنی هاوشێوە، ئەوەی حەزیان پێدەکرد بەدەستیان هێنا. گیگیس لیدیا [گیگیس

---

(١) Thucydids, History of the Peloponnesian War, vol. 1, p. 16.

دامەزرێنەری ڕەچەڵەکی شاهانەیی میرمەندی شێیەمە لە پاشاکانی لیدیا]، یەکەم ستەمکار بوو کە ناسرا، بۆیە ڕێکەوت نییە کە لیدیا وەسف بکرێت بەوەی یەکەم شار بوو دراوەکانی بەکارهێنا. هەروەها بە هەڵسوکەوت کردنی ئەسینا وەك هەر ستەمکارێك تر [کاتێك حوکمی چەند شاریچکی دیکەی دەکرد]، چیتر پێویستی بەوە نەبوو شەرعییەت بداتە حوکمەکەی، یان پێدانی جیاوك (إمتیازات)، کە زۆربەی کات هاوپەیمانێتی یان شارەکانی بەیەکەوە دەهێشتنەوە. سامان هانی بە ڕۆژهەڵاتکردنی ئەسینایدا، ئەمە تێڕوانینی باو بوو لای هیرۆدۆتس و سوسیدیدس. ئەمەش سەریکێشا بۆ وەرچەرخانێکی قولّ لە بەهاکانی ئەسینادا، ئەمەش بە ئاشکرا درەوشایەوە لە زۆر پشت پێبەستن بە بەهێز. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە، ڕەنگدانەوەی ئامانجە گۆڕاوەکانە؛ لەوانەیە ئامانجی شکۆ وەلاوە بنێ، بوار بەشێوەیەکی بەرچاو بڕەخسێنێ، لەبەردەم ئامانجی بەدەستهێنان یان دەستبەسەرداگرتن. هەژموونی – کە حوکمێکە لەسەر قبولّ و ڕەزامەندی ئەوانی دیکە دامەزراوە – گۆڕدرا بە دەستبەسەرداگرتن و خۆسەپاندن، کە لە میانەی هەڕەشە و بەرتیلەوە جێبەجێ دەکرا.

ئەو وێنایانەی سوسیدیدس داینا، لەبارەی جەنگی پیلۆپۆنیزیا چەندین دابڕانی تێدایەز ئەسینای ستەمکار ڕزگاری بوو [بەو پێیەی

حوكمی چەند شارێکی دیکەی دەکرد] لە ڕایەڵ و بەستەر و پابەندییە نەریتییەکانی پەیوەست بە مامەڵەی هاوشێوە، کە پێشبینی کراو بوو و سەربەست و دەستکەوتی زیاتر بوو، وایلێهات گەمارۆدرا بە ۆکەملە پابەندیەکی نوێ و ماندووکەرتر. هەروەك بریکلیس لە وتاری لاواندنەوە و پێداهەڵداندا ئاماژەی پێدا، ئەسینا هەژمونی خۆی پاراست، لە میانەی دەرخستنی بەخشندەیی بۆ هاوپەیمانەکانی. ئەنجومەنی ئەسینا ڕایگەیاند ((ئێمە بەخشندەیی بێ هاوتای خۆمان دەپارێزین، ئێمە هاوڕێیەکانمان بەدەستدەخەین لە میانەی بەخشندەیی و دەستکراوەییمان لەگەڵیان، نەوەك لە میانەی وەرگرتنی بەخشش لەوان))(١). بۆ ئیمپڕاتۆریەتی دوای حوکمی بیریکلی باڵادەستی خۆی بپارێزێ، لە میانەی بەردەوام بوونی لە دەرخستنی هێزەکەی و پێداگربوونی لەسەر بەکارهێنانی. پێویست بوو لەسەری لە فراوانخوازی بەردەوام بێ، ئەمەش داخوازیەکە لە تواناکانی هەر دەوڵەتێك کە هەیە زیاترە. ئەسینابییەکان ئەم ڕاستییە تاڵەیان زانی، لە دوای شکستی گەورەیان لە سەقلیبە.

---

(١) هەمان سەرچاوەب ٢، لا ٤٠- ٤٤.

تێگەیشتنی مۆرگانسۆ بۆ نوێگەری جیاوازی نەبوو و هاوشێوە ئەوە بوو کە خرایەڕوو. ئەمەش ئەوی برد بەرەو باوەڕ بوونی هەڵە بە لۆژیك و عەقڵ، کەمکردنەوە لە بایەخی ئەو بەها و پێوەرانەی، کە هەڵسوکەوتەکانی تاك و دەوڵەت کۆت و بەند دەکرد. مۆرگانسۆ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر پشتی بە هیگڵ و فرۆید دەبەست. هیگڵ لە هەر کتێبەکەیدا، کتێبی (دیاردە ڕۆحییەکان) لە ساڵی ١٨٠٧ و کتێبی (فەلسەفی ماف) لە ساڵی ١٨٢١، هیگڵ هۆشداری داوە لە وێکچوواندنی کۆمەڵگە، کە لە دەرئەنجامی یەکسانی و بەشداری گشتی خەڵك لە کۆمەڵگەدا گەڵاڵە دەبێ، چونکە ئەمە سەردەکێشێ بۆ دوو لەت کردنی کۆمەڵگە نەریتییەکان و ئەو پەیوەندیانەی تاکەکانیان بەیەکەوە دەبەستنەوە، بێ ئەوەی سەرچاوەیەکی جێگرەوە بۆ شوناس بخاتەڕوو. هیگڵ لەبارەی دەمەو ئێوارەی شۆڕشی پیشەسازی نووسیویەتی، کەچی وێنای دەوڵەتی پیشەسازی نوێی نەکردووە بە بیرۆکراسیەتە گەورەکەی و ئامرازەکانی پەیوەندییە هاوچەرخەکانی. مۆرگانسۆ ڕای وایە کە ئەم پێشکەوتنانە ڕێگەیان بە دەوڵەت داوە، کە خۆی بەهێز بەکات لە میانەی کرداری وەرچەرخانی دەروونی، کە وایکردووە دەوڵەت ئامانجی لایەنگیری هەرە گەورە بێ. دەوڵەت خولیای ئارەزووەکانی جوڵاند، کە کۆمەڵگە

کپی کردبوون، ئەمەش لە پێناو ئامانجە تایبەتەکانی. لە میانیە گۆڕینی ئەم خولیایانە بۆ نەتەوە، ئەوە هاوڵاتیان جێگرەوەیەکیان بەدەستکەوت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان، ئەگەر ئەم وەرچەرخانە نەبووبا ئەوا ئەم دەستکەوتەیان بەدەست نەدەخست، یان لەوانەیە ناچار بووبان ئارەزووەکانیان کپ بکەن. لەناوبردنی کولاك [چینی جوتیارە دەوڵەمەندەکان لە ڕووسیا]، سەپاندین کشتوکاڵ کردن بە کۆمەڵ بە زەبری هێز، هەڵمەتەکانی پاکتاوکردن، کە ستالین پەیڕەوی کرد لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، هەروەها هۆلۆکۆست، هەموویان ئەمانە گوزارشتن لە گگۆڕینی جێبەجێکردنی ئارەزووە تایبەتەکان [کە پەیوەستن بە خەڵکەوە] و خستنە ئەستۆی دەوڵەت، نەمانی کۆت و بەند لەسەر ئەو دەسەڵاتەی دەوڵەت پەیڕەوی دەکات. لە نووسینەکانی مۆرگانسۆ لە دوای گرژییە گەورەکان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، دانی بەوەدا نا کە شوناسی کۆمەڵگەیی زۆر دوورترە لەو نیعمەتە پوختەی، کە بێ کرچ و کاڵ و کەموکورتی بێ؛ ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆ خەڵك ڕەخساند، کە توانا شاراوەکانیان گەشە پێبدەن بەوەی مرۆڤن، بەڵام بەهەمان شێوە سەرکێشی نواند، لەوەی ئەوانی گۆڕی بۆ ((پیاوە کۆمەڵایەتی)) وەك ((ئایخمان))،

**ئەوانەی مرۆڤایەتی خۆیان لەدەستداوە لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانە سەربازییەکانی تایبەت بە دەوڵەت( ). ١**

**ئەو وەرچەرخانە زیرەك و ژیرانەیە مۆرگانسۆ بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری دەیگێڕشێتەوە، چەندین ڕووی لێکچوونی سەرسوڕهێنەری هەیە، لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەری سەرەتا لە یۆنان لە سەدەی پێنجەمدا. لە هەر دوو قۆناغدا ناوەڕۆك و واتای سیاسی فراوان هەبوو، کە پەیوەست بوون بەو پێناسەیەی مرۆڤ داینابوو، بۆ خودی خۆیان و باوەڕی زۆریان بە هێزی عەقڵ و لۆژیك، سەرکەوتنی بەهاکانی عەلمانیەت (دونیاگەرایی) بەسەر بەها ئاینیەکاندا. جیاوازی هەرە گەورە لە نێوان دوو قۆناغەکە، لە بواری تەکنەلۆژیادا بوو؛ سەردەمی ڕۆشنگەری نوێ دەرفەتی ڕەخساند، لە**

---

**(١) مۆرگانسۆ و حنە ئەرندت هاوڕێ و هاوپۆل بوونە، هاوبۆچوونی گەورەی ئەوان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی پشتیان بە بۆچوونی یەکتر بەستووە لە کارەکانی یەکتردا، مۆرگانسۆ زۆر سەرسام بوو بە نووسینەکانی ئەرندت ئایخمان لەبارەی قودسەوە سەرسام بوو: ڕاپۆرتێك لەبارەی ئاسایی بوونی خراپە( ١٩٦٤).**
**بڕوانە:** Hannah Arendt, Eiehmann in Jerusalem: Areport on the Banality of Evil (New York: Viking Books, 1964).

**بەردەم دروستبوونی شۆڕشێکی پیشەسازی و جەنگی سەردەمی ئامێرەکان. چەکی ناوەکی (نەوەوی) بە بەرهەمی ئەم کردارە دادەنرێ، سەبارەت بە مۆرگانسۆ ((ئەمە تاکە شۆڕشی ڕاستەقینەیە، کە لەوەتەی سەرەتای مێژووەوە لە بونیادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوویدا)). هیچی تر جەنگی نێوان ئەو هێزانەی خاوەن چەکی ناوەکی (ئەتۆمین)، درێژبووەوەی سیاسەت نییە لە میانەی ئامرازەکانی دیکەدا، بەڵکو بووەتە خۆکوژییەکی دوو لایەنە**(١).

(١) Moragenthau, Decline of Domestic Politics, p.76, and Politics among Nationa: The Struggle for Power and Peace, p. 326.

## دووباره داڕشتنەوەی سیستەمی گشتی

سوسیدیدس و مۆرگانسۆ لە دوای جەنگە کاولکەر و داڕوخێنەرەکانەوە نووسیان، ئەو جەنگانەی کۆمەڵگە و داب و نەریتەکانی لاواز کرد، کە سیستەمی گشتیان لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا پاراستبوو. هیچ یەکێك لە ناوبراوان باوەڕ وا نەبوو، کە هیچ پێویستییەك هەبێ بۆ دووبارە گێڕانەوەی شێوازی ژیانی کۆن، کە چەند لایەنێکی ببوونە هۆکارێك لە چەندین کێشەدا، تا پێش هەڵگیرسانی جەنگ. لە جیاتی ئەمە بەدوای پێکهاتە و تێکەڵەیەکدا گەڕان، کە کۆن و نوێ بەیەکەوە کۆ بکاتەوە، بەوەی لە توانایدا بێ لایەنە ئەرێنیەکانی نوێگەری لەخۆ بگرێت، لە هەمان کاتدا توانا داڕوخێنەر و کاولکارەکان سنووردار دەکات.

سوسیدیدس ویستی خوێنەرەکانی بزانن، کە سیستەمێکی لێکدراو و پێکهاتوو پێویستە، کە باشترینی ڕابردوو و باشترینی نوێگەری بەیەکەوە کۆ بکاتەوە، بە گوێرەی تواناش خۆی بەدوور بگرێت لە مەترسییەکانی ڕابردوو و نوێگەری. چاکترین ئەو شتەی کە لە سەردەمی نوێدا هەیە، بریتییە لە گیانی یەکسانی و، ئەو دەرفەتەی ڕەخساندوویەتی بۆ هەموو هاوڵاتیان، لە پێناو خزمەتکردنی شارەکەیان، سەبارەت بە باشترین ئەو شتەی کە لە سەردەمی کۆندا هەبوو، بریتی بوو لە جەختکردنەوە لەسەر چەمکەکانی جیاوازبوون (تایبەتمەندبوون) و فەزیلە (چاکە و ڕەوشتبەرزی)، کە هانی چەند ئەندامێکی لە دەستەبژێرەکاندا، بۆ جڵەوگیر کردنی ئارەزوویان بۆ سامان و دەسەڵات، تەنانەت جڵەوگیر کردنی ئەو حەزانەیان کە پەیوەستن بە مانەوە، ئەمەش لە پێناو بوێری و چاونەترسی، ڕا و بۆچوونی دروست و خزمەتی گشتی. ئەسینابییەکان جیاوازیتی و فەزیلە (چاکە و ڕەوشتبەرزی)ـــیان دەرخست، لە شاری (ماراسۆن) و دوورگەی (سالامیس)، بەوەی ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە، لە پێناو ئازادی

و سەربەخۆیی یۆناندا(١). لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی پێنجەم، چەمکی فەزیلە لە میانەی سێ قۆنایی واتاییدا گەشەی کرد: سەرەتا لە مانای ڕەسەنەکەیەوە لە زمانی یۆنانیدا، کە مانای هۆمیرۆسییە [بە دانە پاڵ شاعیر هۆمیرۆسی داستاننووس ئەم وەسفەی بۆ کراوە، کە هەر دوو داستانی ئەلیادە و ئۆدیسەی نووسیوە]، کە بە مانای بەهرەی شەڕکردن دێت، تا گەیشتە ئەو مانایەی کە بە واتای بەهرەمەندی کەسەکە دێت لە هەر شتێکدا بێت، دواتر تا گەیشتۆتە مانای ڕەوشتبەرزی. سوسیدیدس هەر سێك ئەم مانایانە بەکاردەهێنێ، بریکلیس لە وتاری لاواندنەوە و پێداهەڵداندا(٢) مانای چوارەمیشی بۆ زیاد کردووە، بەوەی چەمکی فەزیلەتی لەم وتارەیدا بەو ناوبانگ و شکۆیە وەسف کرد، کە دەکرێت دەوڵەت بنیاتی بنێت، لە میانەی هەڵسوکەوتە بەخشندەکە و دەستکراوەکەی بەرامبەر بە هاوپەیمانەکانی. سوسیدیدس وێنایەکی نموونەیی (میسالی) دەخاتەڕوو، بۆ ئەسینای بریکلیسی وەك نموونەیەك لەو جۆرە سیستەمە لێکدراوەی کە خەیاڵی دەکات. ئەمە نموونەیەکی تایبەتە بە

(١) Thucydides, History of pelopennesian War, vol. □, pp. 20, 25, 41 and 43, and vol. 4, pp. 81-82.

(٢) هەمان سەرچاوە، ب ٢، لا ٣٤ – ٣٥.

حوکمڕانی تێکەڵاو و لێکدراو، کە مۆڵەت بە خاوەن تواناکان دەدات حوکم بکەن، ڕێگە بە جەماوەریش دەدات بەشدار بن لە حوکمڕانیدا، بە چەند ڕێگە و شێوازێکی مانابەخش. ئەمەش سەریکێشا بۆ کەم کردنەوەی گرژی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران، لە نێوان ئەوانەی لە ڕەچەڵەکی خانەدانن، لەگەڵ ئەوانەی بەهرەمەندن، هەڵوەستەشی کرد لەسەر تێکگیرانی تووند لەگەڵ گرژییە چینایەتیە دژوارەکان، لەگەڵ نیمچە وەستانێك لە ئەسینا لە قۆناغی کۆتایی سەدەکە.

لەوانەیە سوسیدیس ئومێدی ئەوەی هەبووبێ، کە پەیوەندی نێوان شارەکان (دەوڵەتە شارەکان) لەسەر بنەمای هاوشێوە. لە ناو ئەو شارانەدا شێوەی نایەکسان باو بوو، هاوشێوەی ئەو نا یەکسانیەی لە نێوان شارەکاندا هەبوو. ئەگەر بۆ دەسەڵاتی ستەمکاران گونجاو بێ، بوار لەبەردەم ئەرستۆکراسی و دیموکراسیتی تێکەڵاو خۆش بکات، ئەگەر لە تواناادا بێ ئارەزوو جڵەوگیر بکرێ، بەرەو دەسەڵات و سامان، لە میانەی نۆژەنکردنەوە و نوێکردنەوەی کۆمەڵگەی ناوخۆیی، ئەوا دەکرێ هەمان شت جێبەجێ بکەین لەسەر ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان شارەکاندا هەیە. لەوانەیە دەوڵەتە بەهێزەکان جارێکی دیکە وا ببینن، کە پەیڕەوکردنی کاریگەری

لەسەر بنەمای هەژموون لە بەرژەوەندی ئەواندایە. دەکرێ کرچ و کاڵی و نەنگییەکانی هاوسەنگی هێز ((چاك بکرێنەوە)) لە میانەی بنەمای گونجان؛ واتە ئەو دەوڵەتانەی بەهێزترن، پێگە و شکۆ و پایەبەرزیەك بەدەست دەهێنن، کە گونجاو بێت لەگەڵ پلەی ئەو جیاوك (إمتیازاتــ)ــانەی دەدات بەو دەوڵەتە شارانەی کە کەمتر بەهێزن. مەبەست لەو مێژووەی کە سوسیدیدس نووسی بووی، ئەوە بوو کە دەوڵمەند و بەهێزەکان ڕۆسنبیر بکات، سەبارەت بەو دەرئەنجام ئازاردەرانەی گەڵاڵە دەبن، لە هەڵسوکەوت کردن وەك هێزێکی زۆردار و ستەمکار، جا ئەمە چ لەسەر ئاستی تاك بێ یان دەوڵەت، هەروەها درك کردن بە سوودە کردارییەکان، بەتایبەت پێویستی پاراستنی ڕووکەشی شێوە هەرە کۆنەکانی مامەڵەکردنی هاوشێوە، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، یان تەنانەت لە کرۆکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

سوسیدیدس کەسێکی عەقڵگەراو گومانگەرای توونڕ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی ئاینی دەکرد، چونکە وای دەبینی ستوون و کۆڵەگەیەکی بنەڕەتییە لە پرسە ئەخلاقی و نەریتییەکاندا. هەروەك پێی وایە سۆفستائییە ڕادیکاڵەکان (ڕیشەگۆڕخوازەکان) زیانیان بە ئەسینا گەیاند، کاتێك مشتومڕیان کرد لەسەر ئەوەی یاسا و داب و

نەریتەکان، چەند پاساو هێنانەوەیەکی زۆرلێکراون، بۆ چەند شێوەیەکی جیاواز لە نەبوونی یەکسانی. سوسیدیدس بۆ ژمارەیەکی کەم لە دەستەبژێری ڕۆشنبیر نووسی، کە هاوشێوەیان بوون، جێی دڵنیایی نییە کە ئەوان یاسا و داب و نەریتەکان قبوڵ دەکەن وەك ئەوەی لە ئاسمانەوە دابەزی بن. سوسیدیدس بانگیان دەکات لە میانەی بەرگری کردنی زیاتر لە یاسا و داب و نەریتەکان، پێویستی بە بنەماکردن نییە لە سروشتی مرۆڤایەتییدا. لە میانەی ڕوونکردنەوەی بۆ ئاکامە داڕوخێنەر و کاولکارەکانی داڕمانی ئەو یاسا و داب و نەریتانەی پاڵپشتیان کرد، ئەوا پێویست بوونی دەسەلمێنێ، دانایی وادەخوازێ، کە ئەوانەی دەسەڵاتدارن مامەڵە بکەن وەك ئەوەی باوەڕیان وایە ئەم یاسا و نەریتانە لە سروشتەوە سەرچاوەیان گرتووە. سوسیدیدس بۆژوونی ووایە زمان و داب و نەریتەکان زۆرلێکراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستن. نموونەی تراژیدیا بەو مێژووە دەبەخشێ کە نووسیویەتی ((تێڕوانینێکی تراژیدیانە)) بۆ دەستەبژێر، تا پابەندنی بەرهەم بهێنن بۆ کارکردن ((لە ناوەوە)) لە پێناو چاکسازی و چاککردنەوەی ئەوەی سوودبەخشە، یان پێویستە بۆ دادگەری و سیستەم.

سەبارەت بە مۆرگانسۆ، ئەوا پێی وایە کە نەبوونی کۆت و بەندی دەرەکی، لەسەر هێزی دەوڵەت تاکە خاسیەت بوو، کە سیاسەتی نێودەوڵەتی دیاری دەکرد لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم. وایلیهاتووە سیستەمی پێوەری کۆن، تێکچووە و دەستەوەسانە لە جڵەوگیرکردنی خولیای زلهێزەکان(١). لەبەر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخەدا، هەر یەکە لە یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بوونە دیلی زیادبوونی ناکۆکییەکان، ئەمەش شومتر و مسۆگەرتر بوو، لە میانەی توانا کاولکارە بێوێنەکانی چەکە ناوەکی (نەوەوی)ـــیەکان. سەرباری ئەمە، مەترسی بنەڕەتی لەسەر ئاشتی لە ڕووی سیاسیەوە بوو؛ بەوەی مۆسکۆ و واشنتۆن ((تێر و پڕ ببوون بە گیانی هەڵمەتی خاچپەرستان، کە تایبەت بوو بە هێزی مەعنەوی تازەی هێزی نەتەوەخوازی گەروونی و جیهانی (nationalistic univaersalism) هەر یەکەیان ڕووبەڕووی ئەوەی دیکەیان بووەوە، لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی

(١) Morgenthau: Sientific Man vs. Power Politics, pp. 168, and Decline of Domestic politics, p. 60.

سەرسەختانە))[١]. هاوسەنگی هێز ئامرازێکی دەستەوەسان بوو لەو بارودۆخەدا، ئەگەرێکی پێشبینی کراو بوو کە بەرپەرچدانەوە سەربکێشێ بۆ پەرەسەندنی گرژییەکان، لە جیاتی کەم بوونەوەیان. دەمرا دووجەمسەری یارمەتیدەر بوایە، لە پاراستنی ئاشتی لە میانەی کەم کردنەوەی نارِوونی یان پاڵ نانی زلهێزەکان بەرەو ئاراستەی جەنگ، بەهۆی تایبەتمەندیە گریمانە کراوەکان، بۆ وەشاندنی گورزی یەکەم. پێویستیەکی زۆر هەبوو، بۆ دانبەخۆداگرتن لە هەموو شتێك زیاتر، مۆرگانسۆ لەوە دەترسا کە زلهێزەکان سەرکردەی وایان نەبێ، کە بوێری مەعنەوی پێویستیان هەبێ، لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو گوشارانەی گرژییەکانیان پەرە پێدەدا، بۆ چوونە ناو سیاسەتگەلێکی دەرەکی دەورەدراو بە مەترسی، کە سەردەکێشێ بۆ رووبەڕوو بوونەوە.

ڕیالیزم لە چوارچێوەی جەنگی سارددا، لە ئاستەدا بوو کە داخوازی لە سەرکردەی دەوڵەتەکان دەکرد، بەتایبەت سەرکردەی هەر یەکە لە وڵایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت، بۆ دانان بە پێویستی پێکەوەژانی هاوبەش لە جیهانی بەرژەوەندییە تێکگراو و

(١) Moragenthau, Politics among Nationa: The Struggle for Power and Peace, p. 430.

ململانێدا. هەرگیز دەستەبەری ئاسایشیان نەبوو، بەڵام دەکرا تەنها ئەندازەگیریەك کرابا، لە میانەی هاوسەنگیەکی بەهێز و لاواز، هەروەها لە ڕێگەی سازش و چارەسەرە هاوبەشەکان کە دەکرێت، کێبڕکێی خۆ پڕچەك کردن و ئەگەرەکانی پەرەپێدانی گرژییە جۆراوجۆرە هەرێمییەکان، چارەسەر بکەن یان بەلایەنی کەمەوە پەکیان بخەن، کە هەر دوو دەوڵەتی ناوبراو کەوتوونەتە ناویەوە. مۆرگانسۆ پێداگر بوو لەسەر دانبەخۆداگرتن و چارەسەکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی هەندەکی و لاوەکی، بریتین لە ستراتیژەیەتە کورت مەوداکان، کە گونجاوتر و کاراترن بۆ پاراستنی دۆخی ئاشتیانە(١). بە هاتنی ساڵی ١٩٥٨، ئەو کەسەی پێش بیست بێزاری خۆی هەڵدەڕشت بەسەر ئارەزوو و خولیای پشتیوانانی ڕێبـــیری نێودەوڵەتی [ڕێکخستنی نێودەوڵەتی]، پێداگر بوو لەسەر ئەوەی چاکسازی لە ڕەگەزی مرۆیی لە ئێستادا وادەخوازێ کە

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا ١٦٩،و

Moragenthau Decline of Domestic politics, p. 80.

((ڕێبـــیرێك هەبێ، لە ڕێکخستنی سیاسیدا، کە دەوڵەتی نەتەوەیی تێبپەڕێنێ))[١].

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم، مۆرگانسۆ توندتر بوو لە پابەندبوونی بە شێوەیەك لە شێوەکانی دەسەڵاتی سەرووی نەوەخوازی (supranational authority). لە پاڵ مەترسی ڕوودانی وەشاندنی گورزی ناوەکی (ئەتۆمی)، مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی مەترسییەکانی تەقینەوەی دانیشتوان و، برسێتی جیهانی و، تێکچوونی ژینگە بووەوە. باوەڕیشی نەبوو بە توانای دەوڵەتی نەتەوەیی، لە چاك کردن و چارەسەرکردنی هیچ یەکێك لەم کێشانە. بەڵام ئەگەر سەرکردە و گەلان ئەوەندە بە پەرۆس بن، بۆ پاراستنی سەروەریەکەیان، ئایا چ ئومێدێك لێرەدا بوونی هەیە، لە پێناو ئاڕاستەکردنیان بەرەو قبوڵ کردنی سیستەمی نوێ؟ ئەم بەرەوپێشچوونە ڕوونادات، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە ژمارەیەك باش لە سەرکردەی گەلان قەناعەتیان بەوە دێت، کە ئەم کارە لە بەرژەوەندی گەلەکانیانە. ئەو زنجیرە هەنگاوانانەی ئەوڕووپییەکان

---

(١) Moragenthau Decline of Domestic politics, pp. **75–76**.

پێی هەڵسان، بەرەو یەکگرتن و تێکەڵ بوون، تێگیران و دژایەتیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ((ئەوەی کە لە ڕووی مێژوویەوە لە بیرۆکەی بەرژەوەندی نەتەوەیی بەمەرج گیراوە [بۆ یەك دەوڵەت]، دەکرێ سەرکەوتن بەسەریدا دەستەبەر بکرێ، لە ڕێگەی بەهێزکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی ژمارەیەك دەوڵەت، تەنها بە هەماهەنگی هەماهەنگی نێوانیان))[١].

هەر یەکە لە سوسیدیس و مۆرگانسۆ، باش مامەڵەیان کردووە لەگەڵ پرسی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی نوێگەری، دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازییەکانی ئەو قۆناغانە. لە دەرئەنجامەکان و لە خۆدی نوێگەریش تێگەیشتن، بەو پێیەی گوزارشتێکە لەو شوناس و گوتارانەی دەردەکەون. هەرگیز مرۆڤ گەمارۆ نەدراوە بە کەلتور یان دامەزراوەکانیان، بەڵکو بەردەوان دایاندەڕشتەوە و گۆڕانکاریان تێدا کردووە، سەرلەنوێ داهێنانیان تێدا دەکردەوە. سەبارەت بە سوسیدیس و مۆرگانسۆ، کێشەی گەورە و ناوەندی ئەوە بوو کە ڕێوشوێنە کۆنەکان وازیان لێدەهێنرا، یان ئەو ڕێوشوێنانەی کاریان نەدەکرد، هەروەها دەگۆڕدران بە چەند

---

(١) هەمان سەرچاوە، لا٣٧.

ڕێوشوێنێکی تازە و مەترسیدار، کە بەبێ ئاگاداری پێشوەختە هاتوونەتە ناوەوە. هەر دوو ناوبراو دانیشیان بەوەدا ناوە، کە ناتوانرێ سیستەمی ناوخۆیی سەقامگیر بگێڕدرێتەوە، هەروەها ئەو ئاسایشەی کە دەکرێ ئەم سیستەمانە دابینی بکەن، تەنها لە ڕێگەی پێکهاتە و داڕشتنێکەوە نەبێ، کە کۆن و نوێ بەیەکەوە کۆ بکاتەوە. ئەم پێکهاتەیەش پێویستە هێزی عەقڵ دەستەمۆ بکات، بەهەمان شێوە دەبێ لێکدانەوە و ئەژماری ئارەزووە ڕوخێنەرەکانیش بکات، کە زۆربەی کات هانی تاك و چین و یەکە سیاسییەکان دەدەن. دەبێت ئەم پێکهاتەیە کۆمەڵگەیەك بنیاد بنێت، بەڵام ناشبێت هێزە جوداخوازە کاریگەرەکان فەرامۆش بکات [ئەو هێزە کاریگەرانەی ئارەزووی سەربەخۆیی یان دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتی ناوەند دەکەن]، بەتایبەت بەرژەوەندییە خودییەکان لەسەر ئاستەکانی، تاکە کەسی و دەستە و کۆمەڵی و نەتەوەیی، کە نوێگەری هانی داوە و شەرعیەتی پێداوە. بە ڕەهایی تەحەددای هەرە گەورە، بنیاتنانی سیستەمێکی نوێیە لە ڕێگەی لایەنە ئارەزوومەندەکان، لە نوێنەرانی سیستەمی کۆن، بە هاورکاری لەگەڵ نوێنەرانی نوێگەری، کە دەسەڵاتیان تازە پێدراوە.

به ڕەچاوکردنی سروشتی تەحەددایەکە، شتێکی مەندەهۆشکەر نییە، کە ڕیالیستە کلاسیکییەکان لە دیاریکردنی کێشە و کەموركوتییەکان باشتر بوون لە دانانی چارەسەر، ئەگەر بمانەوێت دەربڕینێ خوازراو (مەجازی) پزیشکی بەکاربهێنین، هەروەك سوسیدیدس بەکاریهێنا. سوسیدیدس ڕۆشنبیرتر و شارەزاتر بوو، لە بیرمەندە ڕیالیستە کلاسیکییەکان. لەوانەیە سوسیدیدس بە مەبەست هیچ پێکهاتەیەکی ڕوونی پێشکەش نەکردبێ، گەڕانەوەی بۆ پێکهاتەیەکی کۆن – کە ئەسینای بریکلیسیە – بە تەواو زانیبێت، بەوەی دەکرێت وەك نووسینی نموونەیەك وابێت، یان بەلایەنی کەمەوە خاڵی دەسپێك بێت، بۆ بیرکردنەوە لە ئایندە. دەربارەی مۆرگانسۆ، ئەوە لەسەر دوو ئاست بۆ کێشەی سیستەم ڕۆیشتووە؛ هەوڵیداوە بۆ ڕێوشوێنی سیاسی کاتی، بەمەبەستی بەدەستهێنانی کات، لە پێناو ئەوەی کە پیاوانی دەوڵەت درك بە پێویستی بەرزبوونەوە بکەن، بۆ گەیشتن بەوەی بەرزترە لە سیستەمی دەوڵەت. بەمەش کارەکانی گرنگ و شیاو بن بۆ هەموو سەردەمەکان، نەك تەنها بەهۆی دووربینی و شارەزاییەکەی لە جەنگ و سیاسەت و سروشتی مرۆڤایەتیدا، بەڵکو بەهۆی شتێکەوە، کە لەوانەیە هەرگیز بە بیر و هۆشی خۆیان سەرنجیان نەدابێت، ئەویش گرژییە گرێکوێرەکانن، کە

ئاماژەن بۆ پێویستی گونجاندن لە نێوان کەلتووری نەریتی و نوێگەری، لە میانەی نەخشە و پلانی هۆشیار و ژیرمەندانە، لە هەمان کاتدا ئاماژە دەکەن بۆ ئەو سەختییە مەزنەی پەیوەستە بەم کردارەی گونجاندەوە.

## ڕووانگەی ڕیالیزمی

## کلاسیکی دەربارەی سروشتی تیۆرەکە

ئەرستۆ(١) باوەڕی وابوو، کە پێشبینی ناکرێت، توێژینەوە مرۆڤایەتیەکان توانای بەرهەمهێنانی ئەوەی ناوی ناوە

(١) Aristotle, The Complete Works of Aristotile: The Resived Oxford Translation, pp. 141a-b.

(epistēmē)، کە پێناسەی کردووە بەوەی زانین و شارەزایی پەیوەستە بە سروشتە بنەڕەتییەکان، کە لە میانەی هەڵهێنجان لە بنەماکانی سەرەتا بەدەستهێنراون. سوسیدیدس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاوتوێ ئەو پرسیارانە ناکات، کە پەیوەستن بە زانین (مەعریفە: epistemology). بەڵام دەکرێت بە ئاسانی بەڵگە بهێنرێتەوە، کە ناوبراو باوەڕی بە سنووورداری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی هەیە. یەکێك لەو بابەتانەی زۆر دەچێتەوە سەری، بریتییە لەو پلەیەی کە ڕەفتاری مرۆیی پشت بە چوارچێوە دەبەستێت؛ واتە تەحەددا دەرەکییە وێکچووەکان، جۆرێك لە کاردانەوەی جیاواز دەوروژێنن، لەلای کەلتوورە سیاسیە جیاوازەکانەوە. ئەم کەلتوورانەش تێیدا گەشە دەکەن، سیاسەتە دەرەکییەکانیشی بەهەمان شێوە گەشە دەکەن، من ئەم گەشەکردنەم سەبارەت بە ئەسینا بە بەڵگەنامە کردووە. لێرەدا بەهەمان شێوە جیاوازی هەیە لە نێوان خودی کەلتوورەکانیشدا. ئەو وێنایانەی سوسیدیدس داینا، دەربارەی بڕیاری ئەسبارتە بۆ چوونە ناو جەنگ، تاعون لە ئەسینا، مشتومڕی میلیتینی و ڕق و کینە لە نێوان ئەرستۆکراسییەکان لە کیرکیڕا [ئەم ڕق و کینەیەیە، دووبەرەکی و دوژمنایەتی بوو لە نێوان ئەرسۆکراسییەکانی یۆنان، سەبارەت بەوەی کێ باشترە لە

هەمووان]، هەموو ئەوانە ئەوە دەردەخەن، کە تاکەکان بە ڕێگە و شێوازی جیاواز، وەڵامی هەمان هەڵوێست یان هەڵوێستە وێکچووەکان دەدەنەوە.

مۆرگانسۆ بە ڕاشکاوی نکۆڵی دەکات، لە بوونی چەند یاسا و پێشبینیەکی گشتی، کە دامەزرابێ لەسەر چەند جۆرێکی دیاریکراو لە گشتاندن. مۆرگانسۆ وێنای جیهانی کۆمەڵایەتی کردووە، بەوەی ((پشێویەکە لە چەند بارودۆخێکی لەناکاو))، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((لە ڕێوشوێنی ژیرانە بێ بەش نییە)). دەکرێت جیهانی کۆمەڵایەتی کورت بکرێتەوە، لە کۆمەڵەیەك سنووردار لەو بژاردە کۆمەڵایەتیانەی کە ئەنجامەکەیان نەناسراوە، بەهۆی ژیرمەند نەبوونی لایەنە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان، هەروەها ئەو ئاڵۆزیە بنەماگرتووانەی هەن، لە سروشتی جیهانی کۆمەڵایەتیدا. باشترین شت کە ئەم تیۆرە بکات، ئەوەیە کە ((دەرئەنجامە گریمانکراوەکان بخرینەڕوو، بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە جێگرەوەکان بەدەر لەوانی دیکە، هەروەها دیاریکردنی ئەو بارودۆخانەی، کە دەرکەوتنی یەکێك لە

جێگرەوەکان تێیدا دەکرێت ببێت یان ئەو دیارکردنی ئەوەی سەرکەوتووترە لەوانی تر))[١].

هەر یەکە لەم چەمکانە (theõrio و theõrein و theõrõs) دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی دوای هۆمیرۆس، پەیوەندی بە بینین و سەردانەوە هەیە. چەمکی (theõrõs) واتە بینەر (witness). پێشتر بینەر (theõrõs) لەلایەن شارەکەیەوە بۆ شاری (دیلفی) ڕەوانە دەکرا، بۆ ئەوەی گێڕانەوەیەکی تەواو لەبارەی ڕێنماییەکی نێوەندگیریر ڕۆحی (ئۆراکل) لەگەڵ خۆی بهێنێ. بەهەمان شێوە بینەر (theõrõs) ڕەوانە دەکرا بۆ فیستیڤاڵە ئاینی و بیرکارییەکان، ئا لێرەوە چەمکەکە ماناکەی بە بینەر وەرگرت، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، وایلێهات ڕۆڵی بینەر (theõrõs) چالاکتر و کاراتر بوو؛ وا لێی دەڕوانرا کە تەنها وەسفی ئەوە نەکات کە بنیویەتی و بەس، بەڵکو دەبوایە ماناکەشی دەبێ شیکردبایەوە.

---

(١) Hans J. Moragenthau, ((The Purpose of Political Science,)) 0n: James C. Charlesworth, ed., A Design for Political Science: Scope, Objectives and Methods (Philadelphia, PA: American Academy of Political and Social Science, 1966), p. [illegible].

سوسیدیدس زیاتر لە نموونەی (theõrõs) نزیکە؛ ئەو وەسفی ڕووداوەکان دەکات بۆ خوێنەران، لێکدانەوەش بۆ مانای ئەم ڕووداوانە دەکات، کە لە دوو توێیی وەسفەکەدا هەن. مۆرگانسۆ لێکۆڵینەوەی تیۆری سەربەخۆ دەکات، تێیدا وێناکردنی مێژوویی کورت بەکاردەهێنرێن، بەشێوەیەکی وردتر وەسف دەکرێ بەوەی چەن نموونەیەکن، ئەمەش بە ئامانجی ڕوونکردنەوەیە. بەڵام لە میانەی ڕەفتارکردنی بەپێی کەلەپوری هزری هەرە چاك بۆ یۆنان، مۆرگانسۆ خولیای وایە ئەو چوارچێوەیە فراوان بکرێت، کە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان بتوانن بەکاری بهێنن، لە پێناو گەیشتن بە تێگەیشتنێك دەربارەی کێشە هاوچەرخەکان. مۆرگانسۆ پێداگرە لەسەر ئەوەی ((هەموو بەشدارییە نەمرەکان لە زانستە سیاسییەکاندا، هەر لە ئەفلاتۆنەوە، هەروەها ئەرستۆ و ئۆگستین، تا دەگاتە یەکێتی [فیدرالییەت]، مارکس و کالهۆون، چەند کاردانەوەیەك بوون بەرامبەر ئەو تەحەددایانەی، کە لە واقیعی سیاسیەوە دەردەکەون، هەرگیز گەشەی تیۆری نەبوون کە تەنها هەڵقوڵاوی خودی خۆیان بن، هەوڵ بۆ مەبەستی تیۆری بدەن، لە پێناو بەرژەوەندییە

تایبەتەکەی))[١]. هەرچی ئەو بیرمەندە سیاسییە مەزنانەی ڕووبەڕووی ئەو کێشانە بوونەتەوە، کە لە توانایاندا نەبووە چارەسەریان بکەن بە بەکارهێنانی ئامرازە بەردەستەکان، تەنها ڕێگەی نوێیان لە بیرکردنەوەدا گەشەپێدا، لە پێناو بەکارهێنانی ئەزموونی ڕابردوو بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر ئێستا. لە سەرووی ئەمەشەوە، سوسیدیدس و مۆرگانسۆ هەوڵیانداوە ئەو جۆرە ڕامانانە بوروژێنن، کە سەردەکێشن بەرەو دانایی و حیکمەت، لە پاڵیدا دانبەخۆداگرتن بە پێویست زانراوە، سەبارەت بە هەر دوو ڕیالیستە کلاسیکییە ناوبراوەکان، مێژوو ئامرازێکی گوێزەرەوە بووە، بۆ تراژیدیا و مامۆستایەکی فێرکاریش بووە بۆ دانایی و حیکمەت.

کتێبی هەڵبژێردراو

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٧٧

## کتێبی ڕیچارد نید لیبۆ بە ناونیشانی تیۆری کەلتوور لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا[١]

بە ڕۆیشتن لەسەر ڕێچکەی یۆنان، من گریمانەیەك دەخەمەڕوو، کە گیانی مەعنەوی [بە مانای خولیاگرتنە بە شتە مەعنەوییەکان وەك: ڕێز و شکۆ و شەرەف و پێگە و پایە]، ئارەزووەکان، عەقڵ پاڵنەری سەرەکین، ئامانج یان مەبەستی تایبەت و دیاریکراو و ڕوونیان هەیە، هەروەها سەدەکێشن بۆ چەند شێوەیەکی جیاواز لە ژیربێژی و لۆژیك، کە ناوەڕۆك و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لەبارەی، هاریکار و ململانێ و سەرکێشی. ئەمەش نموونەی دیاریکراو دەخوازێ، لە زنجیرەی پەیکەربەندی (هەرەمی) بنیاتنراو لەسەر بنەما جیاوازەکان لە دادگەریدا، هەروەك یارمەتیدەرە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم نموونانە. بۆ نموونە، لەو جیهانانەی لەسەر گیانی مەعنەوی دامەزراون، شکۆ و شەرف و پایەبەرزی دوو ئامانجی سەرەکین، لە مانەوەش گرنگترن. زنجیرەی پەیکەربەندی (هەرەمی) بەوەوە وەسف دەکرێن، کە پشت

(١) Richard Ned Lebow, A Cultural Theory of International Relations (Cambridge, MA: Cambridge University Press, 2008).

دەبەستیت بە لایەنگیری (مەحسوبیەت)، بەرەنگاری بنەمای دادگەری دەبێتەوە. سیستەمی دەپارێزرێت لەسەر ئاستی تاك، دەوڵەت، هەرێم، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش سیستەم دەپارێزرێت، لە میانەی زنجیرەی پەیکەربەندی (هەرەمی) و کۆمەڵە بنەمایەکی تایبەت بە هەر یەکێکیان، ئەم پەیکەربەندییە لاواز دەبێت یان دەڕوخێت، کاتێك تێکگیران ڕوودەدات لە نێوان ڕەفتاری و ئەو بنەمایانەی دادگەری پشتیان پێدەبەستێت، بەشێوەیەکی گەورە و ڕوون. سەقامگیری سیستەم یان کەموکورتی تێکەوتنی لە هەر ئاستێکدا، چەندین ناوەڕۆك و مەبەستی پەیوەست بە سیستەمەوە هەن، لە سەر ئاستە لەیەکتر نزیکەکانەوە.

هەروەك وەسفی ئەو ئامراز و ڕێوشوێنانەش کراوە، کە نەبوونی هاوسەنگی دەگۆڕێ بۆ کەموکورتی و داڕوخانی سیستەمی کۆمەڵایەتی. سەبارەت بە کۆمەڵگە بنیاتنراوەکان لەسەر بنەمای ڕۆح (خولیا) و ئارەزووەکان بەیەکەوە، ئەوا ئەو کۆمەڵگانەن کە هاوسەنگیان لاوازە، تەنانەت لەو کاتەش کە بەشێوەیەکی باش بەردەوامن لە ڕۆیشتن. هەر دووك ئەم پاڵنەرانە لە میانەی ڕکابەری دێنەپێش، ئەم ڕکابەریانەش بە پاڵنەری ڕۆح و خولیا پاڵنراوە، بۆ بەدەستهێنانی پایەبەرزی و شکۆی تۆکمە، بەشێوەیەکی تایبەت

بەهۆی سروشتی پەیوەندیەکانەوە. کاتێك عەقڵ جڵەوی ڕکابەری نەگری، جا وەك یەکە ئەم ڕکابەرییە لەسەر شکۆ و شەرەف (ڕۆح) بێ یان لەسەر سەروەرت و سامان (ئارەزووەکان) بێ. دەکرێت ڕکابەری کۆت و بەندە باوەکان تێپەڕێنێ، سەربکێشێت بۆ هەڵوەشانەوەی خێرای سیستەم. لەلایەکی دیکەوە، دەکری تێکچوونی هاوسەنگی بە ئاڕاستەی ڕۆح و شکۆ، ڕکابەرییەکان توندتر بکاتەوە لە نێوان تاکەکانی دەستەبژێر (نوخبە) تا ئاستێك، کە ژمارەیەکی زۆر لە لایەنە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ دەستەبژێرەکە، ترسیان هەبێ لەوەی بێ بەش بکرێن لە پێگە و پایەبەرزیەکەیان، یان تەنانەت ژیانیشیان لەدەست بچێت. ئەم ترسانە زۆر گرنگ دەبن، کاتێك یەکێك لە لایەنە ڕۆڵگێڕ و ئەکتەرەکان یان کۆمەڵە ئەکتەرێك (یان چەند دەوڵەتێك یان هاوپەیمانیەك) نزیك دەبنەوە لە دەستگرتن بەسەر ڕێوشوێن و ئامرازەکانی دەوڵەت (یان خراپ قۆستنەوە و بەکارهێنانین هێزەکەی، بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی نەخوازراو دابمەزرێ بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەدا) ئەمەش لە میانەی هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی ئاسۆیان بەرتەرسکە. لەوانەیە لەم بارودۆخانەدا، کاری توندوتژیانە یان جەنگ هەڵدەگیرسێت، کە لە دەرئەنجامی گرەوکردنی یەکێك لە

لایەنەکان دروست دەبێ، لەسەر دەستگرتن یان دەستپێشخەربوونی لایەنی دیکە بەسەریدا. دەکرێت تێکچوونی هاوسەنگی بە ئاڕاستەی حەزی دەستەبژێرەکەوە بڕوات، بەرەو لاسایی کردنەوەی ئەکتەرەکانی دیکە، بە ڕکابەری کردن و دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا بەشێوەیەك یەکسان. هەورەك تێکچوونی هاوسەنگی مەترسی دەبێت، لەسەر هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی، لە میانەی پێشێل کردنی ڕوون و ئاشکرا و زیادبوونی شڵەژانە چینایەتییەکان، کە لە کۆتاییدا سەردەکێشێ بۆ جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێ و کاردانەوە، کە زیادەڕۆیی لە لایەنی ڕۆحیدا هاودەمی دەبێت.

هەموو ئەم سێ پاڵنەرانە، لە پاڵ ترسدا، بە پلەی جیاواز هەن لە جیهانە ڕاستەقینەکاندا. جیهانە ڕاستەقینەکانیش سەختن، لەوەی پێکهاتەی پاڵنەرەکانی جیاوازە، لە ئەکتەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، هەروەها لە نێو ئەو کۆمەڵانەی پێکی دەهێنن. زۆربەی کات چەندین پاڵنەر هەڵدەستن بە تێکەڵاوبوون زیاتر لەوەی بە تەواوی ئاوێتە بن، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جۆرێك لە هەڵسوکەوت، کە زۆربەی جارات دژ یەکن. ئەو جۆراوجۆرێتیە و سودگەرایی تیۆرەکەم ڕوون کردۆتەوە، لە دوازدە نموونەی تویژینەوە، کە لە شارستانیەتی یۆنانی کۆنەوە درێژ دەبێتەوە، تا دەگاتە هێرشی

ئینگلیزی – ئەمریکی بۆ عیراق. کۆمەڵەیەك نیشانەن بەکارهێناوە، بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی پاڵنەرەکان لە کۆمەڵگەدا، یان پاڵنەری نێوان ئەکتەرە پەیوەندیدارەکان، چەند پێشبینیەکم داناوە لەبارەی جۆری ڕەفتاری سیاسەتی دەرەکی کە پێشبینی دەکری بینینین. هەروەك کۆمەڵێك ئاماژەی دیکەم بەکارهێناوە، کە ئەو ڕەفتارانە دیار دەکات، پێشبینیە تیۆریەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دەچەسپێنێ و، ڕەفتاری نا باو یان نامۆ شیدەکاتەوە سەبارەت بە تیۆرەکانی دیکە. سەرباری ئەمە، ئەوەم ڕوون کردۆتەوە کە چۆن هەڵسانەوەی دەوڵەت و جەنگە نوێیەکان و، دەرکەوتنی ناوچەکانی ئاشتی ( zone of peace)، بریتین لەو شتانەی ناتوانری لێیان تێبگەین، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆح و گیانی مەعنەوی، هەروەخا تێگەیشتن لەو ڕێگایانەی، کە دەتوانین لە میانەیاندا ڕۆح و ئارەزوو جڵەوگیر بکەین و پاکسازیان بۆ بکەین بەهۆی عەقڵ و ژیری.

## شیکردنەوەیەکی ڕیالیزمی کلاسیکیانە بۆ عێراق

بەدڵنیاییەوە دەستێوەردانی ئینگلیزی – ئەمریکی لە عێراق، بابەتێکی وا ئاسان نییە، کە لە دوو توێی نموونەیەکی وا کورتدا بتوێژرێتەوە. ڕەگ و ڕیشە و بنەماکانی و، جێبەجێکردنی و دەرئەنجامەکانی، هەموویان پێویستیان بە شیکردنەوەیەکی دوور و درێژە، لەوانەیە بۆ چەند دەیەی داهاتوو، ببێتە جێگا و خاڵی مشتومڕێکی گەورە. ئامانجی من لێرەدا جیاوازە: ئەویش ئەوەیە ڕیالیزمی کلاسیکیی بەکاردەهێنم، بۆ ئەوەیە چوارچێوەیەك دابتاشم، بۆ شیکردنەوەی ئەم نموونەیە. کاتێك ئەم کارە دەکەم، ئەوە وەسفی دەستێوەردانەکە دەکەم، بەوەی مەرگەسات و تراژیدیە، بە مانای کە ئەم زاراوەیە لە یۆنانی کۆندا هەیبووە، جەخت لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەمەوە، چونکە هەموو بڕیارە سەرەکییەکان لە واشنتنەوە دەدران.

یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکان، لە تراژیدیا و ڕیالیزمی کلاسیکییدا ئەوەیە، ئەو کەسانەی لە دەرەوەی کۆمەڵگەی ناوخۆیی

ڕەفتار دەکەن، دواتر لە دەرەوەی زمانی دادگەری هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوە توانای داڕشتنی بەرژەوەندییەکانیان نییە، بە شێوەیەکی زیرەکانە و وابەستە بەیەکتر. هەست و ئومێد دەیانجوڵێنن، نەوەك عەقڵ و ژیری و لێکدانەوەی ورد. هەروەك بینیمان سوسیدیدس وێنای هێرشی ئەسینایی بۆ سەقلییە دەکات لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیە. گوتارە هاوکاتەکانی سوسییدس، کە تایبەت بوون بە (ئەلکیبیادی و نیکیاس) سروشتی سۆزداری دەردەخات، لە پاڵ بڕیارەکان و ئەندازەی لاوازی پەیوەستبوونی بە هەر لۆژیکێکی ستراتیژی یان ئەندازەگیری بۆ ئەرك و تێچووە پێشبینی کراوەکان. جۆرج بۆش لە هیچ گفتۆگۆیەکی گشتیدا نەبوو، تەنانەت لە تواناشیدا نەبوو بەم کارە هەڵبستێت، بەڵام شیکردنەوەکان بۆ ئەو شتانەی، کە ڕوویان دەدا لە ناو ئیدارەکەیدا، بوونی جوڵەی کارای هاوشێوە هەبوون [دەکرێ تەنها بە گفتوگۆیەکی ناوخۆیی ئیدارەکەی وەسفی بکەین][١].

---

(١) Seymour M. Hersh, Chain of Command: The Road from 9/11 to Abu Ghraib (New York: harper Collon, 2004); James Mann, Rise of the Vulcons: The History of Boshs war Caninet (New York:

ترا‌ژیدیاکەمان دەستپێدەکات، لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و داڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت. پارێزگارە نوێیە ئەمریکییەکان هاتن، ناوی ((ساتی تاکجەمسەری: unipolar moment))ـــیان ڕاگەیاند، ائهەنگیان گێڕا بە بۆنەی هێزی بێ هاوتای ئەمریکا. لەبەر ئەوەی هێز و هەژموونیان بەیەکەوە تێکەڵ کرد، بۆیە هەستیان کرد بەوەی هیچ پاساوێك نییە، کە لە دەوڵەتەکەیان بخوازێ پابەندی پەیمانامە و ڕێکەوتننامە و پێوەرەکان بێ، کە هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان کۆت و بەند دەکات. لەگەڵ ئیدارەی کلینۆتن هەنگاوی بەرەو تاکجەمسەری دەستی پێکرد، بەڵام لە سایەی ئیدارەی بۆشدا خێراتر بوو (١).

Penguin Books, 2004); Bob Woodward, Plan of Attak (New York: Simon and Schuster, 2004), and Ivo H. Daalder and James M. Lindsay, America Unbound: The bush Revolution in Foreign Policy, revised ed. (Hoboken, NJ: Wiley, 2005).

(١) Richard N. Lebow, The Tragic Vision of Plitics: Interesta and Orders (Cambridge, MA: Cambridge University Press, 2003)

یەکێك لە خاسیەتە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی تاکجەمسەری ئەمریکی، بریتی بوو لەوەی چەندین جار بە ڕوونی هەوڵی بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی دەدا، کە هەرگیز لە ڕووی لۆژیك و ژێربیژییەوە لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نەبوو. لە نموونە باشەکان لەسەر ئەمە، بەرهەڵستی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، دانوستانی ئەوروپا لەگەڵ ئێران بوو، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیتوانی دەستکەوتی زۆریان لێیەوە بەدەست بخات، ئەمەش بەپێی ڕای زۆربەی شیرۆڤەکارە ئەمریکییەکان.

**هێزی ئەمریکی: لەخۆباییبوون** (hubris) و **تۆڵەسەندنەوە** (nemises)[١]

سەرکەوتن و هێز لە تراژیدیای یۆنانیدا، بە دوو هۆکاری سەرەکی لە خۆبایی بوون و ناز و فیز و خۆبادان دێن. ڕوونی دیار بوو بۆ. بێهۆشبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی هێزەوە و، بەکەمدانانی هاوپەیمانە نەریتییەکانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

---

(١) (هەبریس: Hubris) لای یۆنانیە کۆنەکان، واتە فیزلێدان و لەخۆباییبوون زۆر، یان خۆبادان، لەخۆباییبوون بە هێز و تواناکان، سەبارەت بە (نێمیسیس) ئەوە بریتییە لە خواوەندی تۆڵە لای یۆنانیەکان. ئەم چەمکە ئاماژە بە دوو مانای تر دەکەن، کە بریتین لە تۆڵەسەندنەوە و دوژمن.

بەگشتی، تەنانەت فشە پێکردنیان، وای لە ئیدارەی بۆش کرد لەخۆبایی بێ. ئەمەش لە سیاسەتی بەرامبەر بە عێراق دەردەکەوێت. ئەو سزایانەی بەسەر سەدام حوسێندا سەپێنران، بەڵگە بوون لەسەر کارایی و چالاکی ناوبراو، هەر چەندە ئەمە لە بەرامبەر بەهایەکی مرۆیی گەورە بوو، بەڵام ئیدارەی ئەمریکی تەنها بە دەورەدان و تەنگ پێهەڵچنین (إحتواء)ـــی عێراق ڕازی نەبوو. جێگری سەرۆك (چینی) و وەزیری بەرگری (دۆناڵد ڕامسفیلد)، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (کۆندالیزا ڕایس) هەوڵی لەناوبردنی سەدامیاندا، هیچ هەوڵێکیان نەدا بۆ شاردنەوەی ئەم ئامانجەیان، بەڵکو بە ئاشکرا دەریاندەبڕی. گفتوگۆکانیان لەگەڵ بەرپرسانی دیکە و، لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان هەست بە ڕیسوایی و سوکایەتی دەکەن، بەهۆی بەردەوام بوونی ڕژێمی حوکمی سەدام، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان پێشبینیان دەکرد، کە لەناوبردنی ڕژێمی سەدام، بە زەبری هێز ڕێگە بە واشنتن دەدات، کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژێتەوە، هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرچاو لە دونیادا فراوان بکات. گریمانەی ئەوەشیان کردبوو کە عێراقییەکان، پێشوازی لە ((ڕزگارکەر))ە ئەمریکییەکان دەکەن، لە باوەشیان

دەگرن، هەروەها عیراقیەکان بوکەڵەکەی ئەوان قبوڵ دەکەن، کە لە عیراق کۆچی کردبووە دەرەوە وەك سەرۆکی نوێ عیراقییەکان، ئەوان بە یەك گورز کاریگەریەکی دیار لەسەر شانشینی عەرەبی سعودی و ئێران و فەڵستینیەکان دادەنێن. هەروەها پێشبینی ئەوەشیان کردبوو، ئەم هەڵمەتە سەربازیە سەرکەوتوو و پێشکەوتووە لە ڕووی تەکنەلۆژیەوە، کە سەدامی ڕاماڵی و لادا لە میانەی ((شۆك و تۆقاندن) زیانی ئەمریکییەکان کەم بێ، بەمەش کۆریای بکور بترسێنن و، هانی هاوپەیمانێتیەکانی بەگەڵ کەوتن (bangwagoning) بدات، ئەمەش وا لە دەوڵەتانی دیکە دەکات، پێداگر بن لەسەر بەدەستهێنانی پشتیوانی واشنتن.

ئەو بەڵگانەی بەردەستن ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو بازنەیە ناو لەخۆیان دەنێن ((ڤولکانیین)) [واتە: گڕگانیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ڤۆلکانۆس کە خواوەندی ئاگرە لە میسولوجیای ڕۆمانی]، زۆر بەدەگمەن پرس و ڕاوێژ کراوە بەو شارەزایانەی ئاگادارن، لە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ ئەو شارەزایانەی لە دەوڵەتدان یان لە دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA) دان، یان تەنانەت هەرگیز پرس بە هیچ یەکێکیان نەکراوە، تەنانەت بازنەی ناوبراو ئەو ڕاپۆرت و خەمڵاندانەی پشتگوێخست، کە پێچەوانەی پێشبینیەکانی

ئەوان بوون، گوشارێکی زۆر گەورەی دانایە سەر دامەزراوەی هەواڵگری ناوەندی و دامەزراوەکانی تر، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی هەواڵگری ئەمریکی، لە پێناو دووپاتکردنەوەی تێڕوانینەکانیان. ئەمە بەشێوەیەکی چاك بە بەڵگەنامەکرا، بە ئامانجی سەلماندنی ئەوەی کە سەدام چەکی کۆکوژی هەیە، یان هەوڵی پێشخستنی ئەو چەکانە دەدات.

پلانی سەربازی بەهەمان شێوە متمانەیەکی تەواوی وەرگرتبوو، لە جیاتی ئەوەی پشت بە عەقڵ و ژیری ببەستێت. دونالد ڕامسفێڵد پێداگر بوو لەسەر بەکەم سەیرکردنی هێرش و جەنگەکە، بۆیە فەرمانی بە دەستەی هێزە هاوبەشەکان کرد، کە واز لە پلانەکەی خۆیان بهێنن، چونکە پلانەکە ٤٠٠٠٠٠ چوار سەد هەزار سەربازی پێویست بوو بۆ جێبەجێ کردنی، لە جیاتی ئەمە پلانێکی دیکەی دانا، کە ١٢٥٠٠٠ سەد و بیست و پێنج هەزار سەربازی زیاتر نەدەویست بۆ جێبەجێکردنی. ئارەزووی سەرکردەی مەیدانی ژەنەڕاڵ (تۆمی فرانکس) پێشێل کرا، کە پێداگر بوو لەسەر دەستکردن بە کشاندنەوەی هێزەکانی، لە دوای سی ڕۆژ لە کەوتنی بەغداد. دەزگای هەواڵگری ناوەندی بەشدار بوو لە کێشانی ئەو وێنە جوانەی ئیدارەی ئەمریکی دروستی کردبوو؛ دامەزراوەی

ناوبراو ڕاسپاردەکانی خستەڕوو، بەوەی بەرهەڵستی سەرەکی لەلایەن هێزە نیمچە سەربازیەکانەوە دەبێ، کە سامان و بڕێکی باشیان لە حەشارگەی چەکە جۆراوجۆرەکانیان هەیە، نەوەك لەلایەن پاسەوانانی کۆماری (حەرەس جمهوری) سەدامەوە. سەبارەت بەو هەڵسەنگاندن و خەملاندنەی ئەنجومەنی هەواڵگری نەتەوەیی (NIC) پێشکەشی کرد سەبارەت بە دۆخی عێراق، لە ماوەی دوای جەنگ، کە لە ٣٨ لاپەڕە پێکهات بوو، یەك جار باسی بەرهەڵستی ناوخۆیی دەکات، ئەویش بەشێوەیەکی لاوەکی لە کۆتاییەکەدا. سەرباری ئەمە، هەڵسەنگاندنەکە هۆشداری داوە لەوەی کە کێشە دروست دەبن، ئەگەر هاتوو بە داگیرکەر سەیری ئەمریکییەکان کرا. ئەفسەرە هەرێمییەکان لە دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی ترسیان لە یاخیبوونی چەکداری هەبوو، بەڵام (جورج تینیت) سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوەندی، پێداگر بوو لەسەر ڕازی کردنی سەرۆك، سور بوو لەسەر ئەوەی ئەم مەترسیانە باس نەکرێن، لە هەڵسەنگاندنەکەی ئەنجومەنی هەواڵگری نەتەوەیی.

دوای ئەوەی دەزگای هەواڵگری ناوەندی کەوتە ژێر گوشارەکانی ڕامسفێڵد، ئەوە زیادەڕۆیی کرد لە خەملاندنی ئەندازەی کارایی ژێرخانی عێراق. لەسەر ئەم بنەمایە، ڕێنمایی بە هێزی ئاسمانی

و دەریایی دران، کە تۆڕی کارەبا بە ئامانج نەگیرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر داڕوخا. وایلیەهات کرداری دووبارە دروستکردنەوەی تۆڕەکانی کارەبا و نەخۆشخانە و قوتابخانەکان و، کەرتەکانی تەندروستی، بوونە کێشە و ناکۆکییەکی سەرەکی، کە هێزە داگیرکەرەکان لە سەرەتادا ئامادە نەبوون بۆی. ڕامسفێڵد و پلاندانەرەکانی باوەڕیان وابوو، کە بیرۆکراسیەت (ڕۆتنیاتی ئیداری و کارگێڕی) بە سەلامەتی دەمێننەوە، تەنها پێویستی بە چاکسازی دەبێ، بەهەمان شێوەی دۆخی داگیرکردنی ئەڵمانیا و یابان! کۆشکی سپی و، وەزیری بەگری، لەشکریش بە زانیاری هەواڵگری ناتەواو کاریان دەکرد، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکرا، بەو وەسفەی عێراق مەترسییە لە ((پلەی دووەم))، بەپێچەوانەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران و کۆریای باکور. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها چەند ژمارەیەکی کەمی سیخوڕ (بریکار)ی هەبوو کە لەسەر خاکی عێراق کار بکەن، بۆیە پشتی بەست بە پەنابەران و، هەواڵگری بیانی و ڕێگەی وێنەی فۆتۆگرافی ورد. ڕامسفێڵد و کۆندالیزا ڕایس ئەو زانیاریە هەواڵگریانەیان بە دروست دانا، کە چەلەبی و ئەو پەنابەرانەی وابەستەی بوون پێشکەشیان کرد، سەرباری ئەو هۆشداریە یەك لە دوای یەکانەی

دەزگی هەواڵگری ناوەندی و نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی دەرەوە دایان، بەوەی یان ئەوەتا ئەم زانیارانەی زیادەڕۆییان تێداکراوە، یاخود بە تەواوی ساختە و هەڵبەستراون(). ئەو پلان و نەخشەیەی وەزارەتی دەرەکی داینا بۆ داگیرکردنی عێراق، کەپێکهاتبوو لە کۆمەڵە و دەستەیەکی کار، کە حەفتا و پێنج شارەزای تێدا بوو لە هەموو پرسەکانی جیهانی عەرەبی، ئەوە ڕامسفێڵد هەڵیوەشاندەوە، بە پاساوی ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو پابەند نەبوونە کە عێراق وەرچەرخان بەخۆیەوە ببینێ(). پلان و نەخشەی داگیرکاری پنتاگۆن، کە لەسەر سینایۆیەکانی ڕامسفێڵد بنیاتنرا بوون، زۆر گەشبینانە داڕێژرابوون، تەنها لە پێناو دەستگرتن بەسەر وزارەتی نەوت و کێڵگە نەوتییەکان بە پلەی یەکەم، دواتر گەڕان بەدوای چەکی کۆکوژدا. بەهیچ شێوەیەك هیچ یەکێك لەم چەکانە نەدۆزرانەوە.

---

(١) Danid L. Philips, LosingIraq: Inside the Postwar Rconstruction Fiasco (Boulder, CO: Westview Press, 2005), pp. 68-73.

(٢) Bob Woodward, Plan of Attak (New York: Simon and Schuster, 2004), pp. 282-284.

پلانە کەموکورتەکان و هێزەکانی داگیرکەران، زۆریان لە عێراقییەکان بێزارکرد، ڕێگەشی بەوانەدا کە تووڕە بوون، کۆگاکانی چەك تالآن بکەن، دەست بەسەر چەك و زەخیرە و کەرستەکانی تەقەمەنیەکاندا بگرن، بەمەش دواتر لە دژی هێزەکانی داگیرکەرەکانی ئەمریکا و پۆلیسی مەشق پێکراوی ئەمریکی بەکاریانهێنا. وایلێهات تالآن لە پشێویدا سەریهەڵدا، لە جیاتی بازارکردن. بە پشتبەستنی حاکمی سەربازی ئەمریکی (جایك گارنر) بەو ئامۆژگاریەی چەلەبی و پەنابەرانی دیکە پێشکەشیان کرد، ئەوە حاکمی ناوبراو تەواو لە دیمەنی ناوخۆیی دوور بوو. سەبارەت بە شوێنگرەوەکەشی کە ـپۆل بریمەر) بوو، ئەوە لەشکری عی‌راقی هەڵوەشاندەوە و سەربازەکانی ناردەوە ماڵەوە، کە لە ٤٠٠٠٠٠ هەزار کەس پێکهاتبوو، ئینجا بە بڕیارێکی ناژیرانە، وازی لەو سەربازانە هێنا کە چەکەکانیان لەلای خۆیان بێ، بۆیە زۆرێکیان ڕاستەوخۆ چوونە پاڵ یاخیبووان (١).

---

(١) Larry Diamond, ((What Went Wrong in Iraq?,)) Foreign Affairs, no. 83 (September-October 2004), pp. 9-22; David L. Philips, Losing Iraq: Inside the Postwar Reconstrucion Fiasco (Boulder, CO: Westviw Press, 2005), pp. 198-199.

گفتوگۆیەکی کارا لەگەڵ هێزە ناوخۆییەکان نەکرا، تەنها لە دوای ماوەیەکی زۆر نەبێ لە دەستپێکردنی یاخیبوون. کرداری پشکنینی ماڵ بە ماڵ و، ڕێوشوێنەکانی دیکە کە ئامانجیان ڕیشەکێش کردنی یاخیبوون بوو لە ڕەگەوە، بووە هۆی گرژتربوونی یاخیبوون. ژەنەڕاڵە ئەمریکییەکان لە دوو ساڵی دواتردا، چەند جار دووبارەیان دەکردە کە یاخیبووان دەدۆڕێنن و زیانمەندن، تەنانەت لەمەشدا پشتیان بە زۆربوونی بەردەوامی ژمارەی هێرشەکانی یاخیبووان دەبەست، وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەم بانگەشەیان. لەگەڵ هاتنی مانگی ئایاری ٢٠٠٨ کاتێك پێداچوونەوەی بۆ ئەم بەش و قۆناغە دەکرد، ئەوە ئیدارەی بۆش لە زەلکاوێکدا بوو، کە هیچی جیاواز نەبوو لەگەڵ ڤێتنام. هیچ بژاردەیەکی بەردەمی دڵخۆشکەر نەبوون؛ وایلێهات ڕای گشتی ئەمریکی بەشێوەیەکی بەرچاو بە دژی جەنگ بوو، لە ڕاپرسییە گشتییەکاندا لایەنگیری جەماوەر بۆ سەرۆك بە ڕەهایی گەیشتە نزمترین ئاست. لەوانەیە ئەزموونی ئیدارەی بۆش لە عێراق، گرنگترین ڕووانگەی بۆ ڕیالیزمی کلاسیکیی لەگەڵ خۆی هێنابێ، ئەویش ئەوەیە: زلهێزەکان گەورەترین دوژمنی خۆیانن.

## دەرئەنجام: ڕووانگەیەکی تراژیدیانە

ئاوازی ئۆرکێسترایی لە (ئانتیگۆن) [کە شانۆیەکی تراژیدیە، کە وسفوکلس نووسیویەتی] پەسەندی مرۆڤ دەکات، لەبەر ئەوەی لە هەموو بەدیهێنراوانی دیکە زیاتر داهێنان دەکەن، چونکە شێوەی خواوەندی زەوی دەگۆڕن، بە بێڵ و ئەسپە ڕاهێنراوەکانیان و گاجووتەکیان، چۆلەکە و ماسی دەخە تەڵەی ئەو تۆڕە بادراوانەی دایانناوەتەوە، بە کەشتییەکانیان ڕێگای دەریا ناجێگیرەکان دەشکێنن. بەڵام ئەوە دەڕوخێنن کە بنیاتیان ناوە، ئەوە دەکوژن کە ئەوپەڕی خۆشەویستیان بۆ هەیە، بەبێ توانا دەردەکەون لە ئاست ژیان لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریان بە هاوئاهەنگی. بەڕاستی خستنەڕووی دەستکەوت و پێشێلکارییەکانی مرۆڤ لە پاڵ یەکتردا، بریتییە لە بیرۆکەی سەرەکی لە تراژیدیای یۆنانی و ڕیالیزمی کلاسیکی. وەك ئاوازی ئۆرکێسترایی لە شانۆی (ئانتیگۆن)، سوسیدیدس و مۆرگانسۆ درکیان بە توانای دەرئاسای (خارق)ـــی مرۆڤ کردووە، لە دەستەمۆکردنی سروشت و بەکارهێنانی، لە پێناو

بەدەستهێنانی ئامانجە تایبەتەکانیان، درکیشیان بە ئارەزووی مرۆڤ کردووە، لە میانەی جەنگ و توندوتیژی شارستانی، بۆ تێکدانی ئەوە بە چەندین نەوە بنیاتیان ناوە. نووسینەکانیان داخوازیەکانی بەدوای دۆزینەوەی سیستەمێکی سەقامگیردا دەگەڕێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشبین بوونە سەبارەت بە توانای بەهێزەکان، لەسەر دان بەخۆداگرتن. بۆ نموونە ئیسخلیوس [نووسەری شانۆی تراژیدی یۆنانی]، وای بینی کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان پێشکەوتن و ململانێ هەیە. سوسیدیدس و مۆرگانسۆ تێگەیشتوون لەوەی تەحەدایە توندەکان، کە ڕووبەڕووی سیستەم دەبنەوە، لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا، زۆربەی لە ماوەی هەڵچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزریدا ڕوو دەدەن.

سوسیدیدس هاوڕێی (سوفوکلس) و یوریبیدس بوو [ئەوانە دوو لە دیارترین نووسەرانی تراژیدیا بوون لە سەردەمی یۆنانیدا]، سوسیدیدس تاکە کەسە لە نێوان هەر دوو نووسەرەکەمان [واتە: سوسیدیدس و مۆرگانسۆ] کە نووسینی وای نووسیوە، کە دەکرێت ناوی لێبنرێت تراژیدیا. بیرمەندە ئەڵمانیەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەم، پەنایان بردەبەر تراژیدیا بەوپێیەی نموونەیەکە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی پرسە ئەخلاقی و فەلسەفییەکان. مۆرگانسۆ زۆر بەم

پێشکەوتنەی دوایی کاریگەر بوو، لە نزیکەوە ئاگادار بوو لە تەواوی کۆبەرهەمی ئەدەب و فەلسەفەی کۆن و نوێ. ناوەندی هزری کە ئەو سەری پێوە بوو، ئەمانەی لەخۆگرتبوو هاوپۆلەکەی (حنە ئارندت) کە وەك پەنابەر بوو، لەگەڵ هایدگر خوێندبووی و، لەبارەی تراژیایەوە شتی نووسی، ئەو وانانەی لێیەوە وەردەگیران لەسەر سیاسەتی هاوچەرخ جێبەجێ کرد، تەواو وەك ئەوەی بیرمەندی زانستە ئاینیەکان (راینهۆڵد نیبور) دەیکرد، کە لە ئەمریکا لەدایکبووە.

هەروەك مۆرگانسۆ بە (مایکڵ ئۆکشوت) کە هاوپۆلە بەریتانیەکەی بوو ڕایگەیاند، کە ئەو گەیشتووەتە تێگەیشتنێکی تراژیدیانە بەو وەسفەی ((تایبەتمەندییەکی بوونە، نەوەك تەنها داهێنانێك بێ لە ئاداب و هونەردا))[١]. نووسینەکانی بەشێوەیەکی دووبارە بووەوە، لە ماوەی دوای جەنگ، هەر لە کتێبی (پیاوی زانستی لەبەرامبەر سیاسەتی هێز: Scientific Man vs.

---

(١) Hans J. Morgenthau: ((Letter to Michael Oakeshott, 22 May 1948,)) Morenthau Papers, and ((Letter to Michael Oakeshott, 22 May 1948,)) Morgenthau Papers, B-44 (1948).

Power Politics)، سەریکێشا بۆ داواکردنی تراژیدیا و تێگەیشتنی بۆ مرۆڤ، بەوپێیەی چوارچێوەیەکە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان. بیرۆکەی سەرەکی کە دەستی بۆ دەبات، بریتییە لە باوەڕی هەڵە بە هێزی عەقڵ، کە بزوتنەوەی رۆشنگەری (Enlightenment) هانی داوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دوودڵیش بووە سەبارەت بە هەست و سۆزی سەربەستی و بێ کۆت و بەندی عەقڵ و کۆمەڵگە. ((لەخۆباییبوون و فیزلێدان لە تراژیدیای یۆنانی و شێکسپیریدا، کەمی هاوسەنگی لای ئەسکەندەر و ناپلیۆن و هیتلەر، نموونەی ئەم جۆرە هەڵوێستە توندڕەو و هەڵاویردراو –إستثناء– انەن)) [١]. سەرباری ئەوەی مۆرگانسۆ هەرگیز زاراوەی فەلسەفی یۆنانی (دانبەخۆداگرتن)ـــی بەکارنەهێناوە، ئەوە نووسین و نامەکانی بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی، هاومانای ئەو وشەیە بەشێوەیەکی دووبارە بووەوە بەکاردەهێنێن، کە بە ئەڵمانی (urteilsraft)ـــە (واتە: حوکمڕانی دروست)، بە ئینگلیزیش (prudence)ـــە (واتە: ژیرانە). مۆرگانسۆ ئەم دوو چەمکە پێشنیار دەکا، هاوشێوەی ئەوەی

---

(١) Morgenthau, Scientific Man vs. Power Politics,135.

یۆنانیەکان کردیان، وەك دەرمانی دەردی لەخۆباییبوون و فیزلێدان. بەهەمان شێوە تراژیدیا و جەختکردنەوەی لەسەر سنوورداری تێگەیشتنی مرۆڤ، نزیککەرەوەیەکی تایبەت بەوی پێکهێنا بۆ ئەم تیۆرە. هاوشێوەی سیاسەت، دەبوایە چەند ئامانجێکی واقیعی دیاری بکات، درك بە ئەندازەی کاریگەری دەورووبەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی بکات، لە دروستکردن و کۆت و بەندکردنی تێڕوانینەکەی. شتێکی بە سوود دەبێ، بۆ سەرکردە سیاسییەکان و بیرمەندە سیاسیەکان وەك یەك، ڕابمێنن و ورد ببنەوە لەم وانە و سوود و وەدەستهاتووە لە مێژوو.

## چەند پرسیارێك:

١. ئەو ڕێگا سەرەکیانە چین، کە ڕیالیستە کلاسیکییەکان و ڕیالیستە بونیادییەکان (نوێیەکان) ڕای جیاوازیان لەبارەیەوە هەیە؟

٢. ئەو ڕێگایانە چین، کە لە میانەی تێڕوانینی سوسیدیدس بۆ جەنگی پیلۆپونیزیا ڕیالیزم بە بونیادی دەبەستێتەوە؟

٣. تا چ ئاستێك سوسیدیدس و مۆرگانسۆ، داڕووخانی زلهێزەکان دەگێڕنەوە بۆ ئەو سیاسەتانەی کە خۆیان هەڵیاندەبژێرن لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان؟

٤. کام لە نووسەرانی دیکەی بواری کاروباری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەکرێت بە ڕیالیستی کلاسیکیی هەژمار بکرێن؟ چی لەبارەی سون زو، میکافیلی، کارل ڤون کلاوزفیتز، جون هرتز و ئیدوار کار؟

٥. کاتێك سوسیدیدس و مۆرگانسۆ لەبارەی پرسە ئەخلاقییەکانەوە دەنووسن، ئایا لە هۆش و بیریاندا

چوارچێوە و داڕشتەیەك هەیە بۆ چەند بنەمایەکی دیاریکراوی ئەخلاقی؟

٦. جیاوازی شکردنەوەکانی ڕیالیزمی کلاسیکیی بۆ جەنگی سارد (بە سەرەتا و کۆتاییەکەیەوە) چۆن جیاواز دەبێ لە ڕووانگەی ڕیالیزمەکانی دیکەوە؟

٧. تا چ ئاستێك دەکرێت ڕێنماییە ئەخلاقییەکان، سیاسەتی دەرەکی ئاڕاستە بکەن، لە جیهانێکدا کە ناکۆکی و ڕای جیاوازی بنەڕەتی هەیە لەبارەی ئەوەی کە ئەخلاق چییە؟

٨. وەسفی تێگەیشتنی هەر یەکە لە سوسیدیدس و مۆرگانسۆ بکە لەبارەی ئەم تیۆرەوە؟ ڕووی لێکچوو و جیاوازی نێوان هەر دوو تێگەیشتنەکە چییە؟ چۆن تێگەیشتنی ئەوان جیا دەکرێتەوە لە تێگەیشتنی ئەوانەی تیۆرەکەیان بەشێوازێکی نوێ داڕشتۆتەوە؟ کە لە بنەڕەتدا پێکهێنەری زۆربەی ئەوەیە کە پێی دەوترێ ((ئاڕاستەی باو)) لە بنیاتنانی تۆری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

٩. تێگەیشتنی هەر یەکە لە سوسیدیدس و مۆرگانسۆ شرۆڤە بکە، سەبارەت بە توانای هاوسەنگی هێز و بەرپەرچدانەوە، لە پاراستنی دۆخی ئاشتیانە.

١٠. چۆن ڕیالیستە کلاسیکییەکان دەتوانن، وەسفی ڕووی لێکچوون و لێکنەچوونی نێوان دەستێوەردانی ئەمریکی لە ڤێتنام و دەستێوەردانی ئەمریکی لە عێراق بکەن؟ هەروەها لە نێوان دەستێوەردانی ئەمریکی و دەستێوەردانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانسات؟

١١. ڕیالیستە کلاسیکییەکان چۆن دەڕواننە کاریگەری؟ پەیوەندی کاریگەری بە هێزەوە چییە؟

١٢. ئایا بەرەهایی تیگەیشتنمان بۆ سیاسیەتی نێودەوڵەتی بەسەر تێگەیشتنی سوسیدیدسدا پێشکەوتووە؟

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر [بە زمانی ئینگلیزی]

Erskine, Ton and Richard N. Lebow (eds.). Tragedy and Interanational Relations. Basingstoke: palgrave Macmillian, 2010.

ئەم کتێبە گفتوگۆیەکی بە سوودە، لەبارەی پەیوەندی تراژیدیا بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکانەوە.

Herz, John, ((Idealist International and Security Dilemma.)) World Politics: vol. 2, no. 2, 1950. pp. 157-1□□.□

مشتومڕێکە سەبارەت بە دەرفەتەکانی وەرچەرخانی نێودەوڵەتی بۆ یەکێک لە گەورەترین ڕیالیستە کلاسیکییەکان و خاوەنی بیرۆکەی ئاریشەی ئاسایشی.

Lebow, Richard Ned. The Tragic Vision of Plitics: Interesta and Orders Cambridge, MA: Cambridge University Press, 2003.

ئەم کتێبە مانای ڕیالیستی کلاسیکی گەشە پێدەدات، بەکاریشی دەهێنێت لە ڕەخنەگرتن لە ڕیالیستی هاوچەرخ و بیروباوەڕەکانی، بەوەی نابێ سیاسەتی دەرەکی لەسەر ڕەچاوکردنی پرسە ئەخلاقییەکان بنیات بنرێن.

Moragenthau, Hans J. Scientific Man vs. Power Politics London: Latimer Press, 1947.

ڕەخنەیەکی ڕالیستانەیە بۆ مامەڵەگەرایی.

Moragenthau, Hans J. Politics Among Nationa: The Struggle for Power and Peace. □□□□.□

کارێکی بنیاتییە لە ڕیالیستی کلاسیکیی نوێدا.

Reus-smit. Christian. The Moral Purpose of the State: Culture, Social Identity, and International Rationality in International Relations. Princeton, NJ; Princeton University press. 1999.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوە لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەخلاق و سیاسەت و شوناس دەکات.

Thucydides, the Landmark Thucydides: A Comprehencive Gide to the pelopennesian War. Edited by Robert B. strassler. New York: Free Press, 1996.

دەقی ڕەسەنی ڕیالیزمی کلاسیکی.

## چەند پێگەیەکی گرنگی ئەلیکترۆنی [بە زمانی ئینگلیزی]

پێگەی (CIAO) Columbia Onternational Affairs Online: چوونە ناو ئەم پێگەیە لە میانەی بەستەری زانکۆ تۆکارکراوەکان دەبێ لە پێگەکەدا، ئەمە چاکترین پێگەی ئەلیکترۆنی نوێیە بۆ وتار و بەڵگەنامە پەیوەستەکان بە کاروبارەکانی دەرەکی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان <http://www.ciaonet.org>.

دەقی مێژووی جەنگی پیلۆپۆنیزیا، دانراوی سوسیدیدس
>
http://classics.mit.edu/Thucydids/pelopwar.
.<htm

سەردانی ناوەندی سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکانی هاوپێچی ئەم کتێبە بکە، بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی گرنگ زیاتر
>
http://www.oxfordtextbooks.co.uk/orc/dunn
.<e2e

کاروان
KARWAN
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن